# مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین:
# دادگایی کردن لە هەرێمی کوردستانی عیراق

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری کردنی عیراق
ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان
دیسیمبر 2021
بەغدا، عیراق

# ناوەڕۆک


I. پوختەی جێبەجێکاری ..... 3

II. ماندەیت ..... 4

III. میتۆدی کار ..... 4

IV. چوارچێوەی یاسایی ..... 5

V. کۆنتێکست ..... 6

VI. دەرەنجامە سەرەکییەکان و نیگەرانییەکانی مافەکانی مرۆڤ ..... 9

1. سەلماندنی کەیسەکان ..... 9

2. گونجان لەگەڵ مەرجە یاساییەکان و پارێزبەندی ..... 12

3. بێگەردی پرۆسەی دادوەری ..... 14

VII. دەرەنجام ..... 15

VIII. ڕاسپاردەکان ..... 16

پاشکۆ: وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپۆرتەکەی یونامی / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ..... 19

# I. پوختەی جێبەجێکاری

ئەم ڕاپۆرتە، مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین: دادگاییکردنەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەلایەن نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامییەوە ئامادەکراوە، بەگوێرەی دەسەڵاتەکەی لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ٢٥٧٦ (٢٠٢١)، و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان.

ئەم ڕاپۆرتە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ دادگاییکردنی تاوانەکان لە چوار کەیسی لە دادگەی تاوانی هەولێر دەربارەی چەند کەسێك کە ناسراون بۆ ڕەخنەکانیان لە دەسەڵات. هەروەها ئەم ڕاپۆرتە هەڵدەستێت بە نیشاندانی شیکارێکی بەڵگەیی دەربارەی ئیدارەدانی دادگەری لە کوردستان و خستنەبەردەستی هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی بەردەم ئەوانەی لە بەریەککەوتندان لەگەل یاسا بۆ پیادەکردنی ڕەوای مافی ئازادیی ڕادەربڕینان.

لەماوەی چاودێریکردنی ئەو چوار کەیسەی لەم ڕاپۆرتەدا دۆکیومێنت کراوە، نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان/یونامی تێبینی کەمتەرخەمی لە ڕێزگرتن لە دۆخە یاساییەکان کردووە لەگەڵ پارێزبەندیی پرۆسەی دادگاییکردنەکان کە گرنگن بۆ زامنکردنی دادگەرییەکی دادپەروەرانە و سەربەخۆ و بێلایەن. یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ نایەوێت هیچ دەرانجامێك بخاتە بەردەست سەبارەت بە تاوانباری و بێتاوانی ئەم کەسانە.

وەک سەرپێچیەک بۆ پرەنسیپی شەرعیەت ، بەندەکانی یاسای تاوان کە لەو کەیسانە جێبەجێکراوە بەشێوەیەکی بەرفراوان و چەمکی ناتەواو دارێژراون، کە بوونەتە هۆی ڕاڤەکردنێکی نەگونجاوی ئەو بەندانە لەلایەن دادگاکانەوە و نارِوونیی تایبەت بە حوکمە دیاریکراوەکان. سەرەرای ئەمەش، داواکاری گشتیی نەیتوانی لەوەی بەروونی هەڵسێت بە دیاریکردنی کامە کاری بانگێشەبۆکراو بنەمای ئەو حوکمانە بووە، وەهەروەها هەڵنەستاون بە دابینکردنی بەلگەی کۆنکریتی بۆ سەلماندنی ئەو حوکمانە. هەندیک لەو پیادە کردنە یاساییانەی تایبەت بەو بەڵگانەی لە ماوەی هەموو دادگاکان تیبینی کراوە بۆ ستاندارده نێودەوڵەتیەکان ناتەواوە، بەوانەشەوە کە مافی تۆمەتبارکراوانە بەوەی کە بەرەنگاری شایەدەکان ببنەوە. هۆکارەکانی دادوەری بۆ ئەو بڕیارانە هیچیان بەلگەدار نەبوون لە هیچ یەکیک لەو کەیسانەی چاودێری کران.

هەرچەندە هەشت لەو تۆمەتبارانە، بە دادگایان ڕاگەیاندوە کە لەژێر ئەشکەنجە دانپێدانانیان لێ وەرگیراوە، دادوەری دادگاییکردنەکە گوێی پێنەداوە و بێئەوەی هیچ پشکنینێکی تر بکات. پارێزبەندییەکان بۆ بنەبڕکردنی ئەشکەنجە، بە پشکنینی پزیشکییەوە، دەستگەیشتن بە پارێزەری بەرگریکردن، ڤیدیۆی لیکۆڵینەوە و پرۆسەکانی ڕاپۆرتی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو، ڕێزیان لینەگیراوە. ئاستەنگە سیستەماتیکیەکان ریگربوون لەبەردەم پارێزەرەکانی بەرگری لەوەی کە بەرگریەکی کارا ئامادە بکەن. لایەنی کەم، دوو لەم کەسانە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانی تاکەکەسی هێشتراونەتەوە وە هەمووشیان ڕێگەیان پینەدراوە خیزانەکانیان ببینن.

هەروەها، جۆرەها کردەی دەسەڵات – کەوا ڕەچاوەدەکرێن جۆرێک لە هەوڵ بن بۆ کاریگەری دروست کردن لە دەرەنجامی پرۆسەی دادوەرییەکان – تێبینی کراوە.

بۆئەوەی دەسەڵاتداران نیگەرانییەکانی نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان/یونامی چارەسەربکەن، ئەم ڕاپۆرتە چەند پێشنیازێک لەخۆدەگرێت دەربارەی پێوەرەکانی پێویست بە بنەبڕکردنی پێشێلکاری زیاتر لەهەمبەر مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی پێشێلکارییەکان،

نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان/یونامی پێشوازی لە هاوبەشی دوورمەودا لەگەل دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات سەبارەت بە پاراستن و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ، وە بەتێبینیکردنی هەنگاوی کۆنکریتی بەرەو پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین لە چەند مانگی ڕابردوودا. وەڵامدانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا بەدی دەکرێت.

## II. ماندەیت

ئەم ڕاپۆرتە و پێشنیارەکانی بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەکراوە، بە بڕیاری ٢٥٧٦ (٢٠٢١) ئەنجومەنی ئاساییشەوە کە دەسەڵات بە یونامی دەدات بە 'برەودان بە بەرپرسیاریەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ریفۆرمی دادوەری و یاسایی، لەگەل ریزگرتنی تەواو بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق، بۆ بتەوکردنی سەروەری یاسا لە عێراق [ ...]'.

لەڕێگەی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤیەوە، یونامی کۆمەڵێک چالاکی ئەنجام دەدات، وەکو چاودێریکردن و ڕاپۆرتنووسین، پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی بتەوکردنی سەروەریی یاسا و بەرپرسیاریەتیی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق.

## III. میتۆدی کار

دەرەنجامەکانی کە لەم ڕاپۆرتەدا دۆکۆمێنتکراوان گونجاون لەگەڵ مەنهەجیەتی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤی نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان/یونامی هەڵسا بە تێبینیکردنی چوار کەیسی داداگاییکردن کە لەم ڕاپۆرتەدا پشکنراوە و چاوپێکەوتنی تایبەتی لە ناو گرتوخانەکاندا ئەنجام داوە لەگەڵ هەموو ئەوکەسانەدا.[1] سەرەرای ئەوەش، بەرپرسانی مافەکانی مرۆڤ/یونامی چاویان کەوتووە بە دادوەرەکان، پارێزەرەکانی بەرگری، داواکارەکان، بەرپرسانی بەندیخانەکان و بەشداربووە تایبەتمەندەکان، وەکو چالاکوانانی کۆمەلگەی مەدەنی و خانەوادەی دەستگیرکراوەکان. هەروەها هەڵساون بە کۆکردنەوە و شیکارکردنی یاساو و زانیاریەکان لە دۆکیومینت و ڕاپۆرتە فەرمییەکاندا.

سەرەرای پێشکەشکردنی داواکاری نووسراو بۆ ئەنجومەی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نووسینگەی کۆمسیار/یونامی دەستی نەگەیشت بە حوکمەکان یان نووسراوی دادگاییکردنەکان، تەنها بۆ دوو بڕیاری دەستەی دووەمی سزادانی دادگەی تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان نەبێت کە بۆ ڕای گشتی خرایە بەردەست.[2]

لەماوەی چاودێریکردنی پرۆسەی دادگاییکردن، ئۆفیسەرانی مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی پرەنسیپە سەرەکیەکانی تایبەت بە دادپەروانە و بێلایەنانە و دەست نەخستنەناو کاروبارەکان و ڕاست و دروستی ، چاودێکردنەکەیان ئەنجامدا و بنەمای نهێنیپارێزیان وەکو بەشێک لە هەوڵەکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بیاتنەرانە لەگەڵ دەسەلاتدارانی عێراق و هەرێمی کوردستان کاربکرێت.

لەم ڕاپۆرتەدانوسسینگەی کۆمسیار/یونامی پاڵپستی خستنەرووی هیچ هەلوێستێک ناکات دەربرەی تاوانباربوون یان بێتاوانی ئەو کەسانە. دەبێت ئەوە بگوترێت کە زانیاری دەربارەی سروشتیی حوکمەکان و تۆمەتەکان هەمووکات بەلگەدار نەبوون لەکاتی چاودێری دادگاییکردنەکە.[3]

نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان/یونامی بەدواداچونی بۆ حەوت کەیسی ترکرد کە دژی چالاکوانان و ڕەخنەگران لە دهۆک جولێنرابوون. لەوکاتەی نوسینگەی کۆمسیار/یونامی نەیتوانی بەشداری لە هەموو دانیشتنەکان[4] بکات لەوکەیسانەی دواتر،زانیاری بەدەستگەیشت دەربارەی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان لەڕێگەی تۆمەتباران،

---

[1] ئاسایش کارئاسانی کردوە بۆ نوسینگەی کۆمسیار/یونامی بۆ دەستگەیشتن بە سەنتەری گیراوان، بە ئەنجامدانی چاوپیککەوتنی تایبەت و نهێنی، لە کانونی دووەمی ٢٠٢١ەوە. ئاسایش بریتیە لە هێزی ئەمنی و یەکێکە لە ئۆرگانەکانی سەر بە ئەنجومەنی ئاساییشی هەرێمی کوردستان. لەژێر دەسەلاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاردەکات، کە دەسەلاتی هەیە بەسەر بابەتەکانی مادەی هۆشبەر، تاوانە ئابوریەکان، تاوانە سیاسیەکان و تیرۆر.

[2] سەیری پوختەی کەیسی ٢ بکە لە خوارەوە. بڕیارەکان (ژمارە ٤٦٨، بەرواری ٢٨ی نیسانی ٢٠٢١ و ژمارە ٥٢، بەرواری ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١) لەلایەن ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی یونامییەوە فایلکراوە.

[3] دەسەڵاتەکانی داواکاری گشتی نووسراوی تۆمەتەکان یان ئەو دۆکیومینتانەی مەترسییەکانی تێدا ئاماژەبۆکراوە نەخستەبەردەم نووسینگەی کۆمسیار/یونامی سەرەرای چەندین جار داواکاری.

[4] نووسینگەی کۆمسیار/یونامی تەنها توانیویەتی لە دووان لەو پێنج دانشتنانەی دادگەدا بەشداربێت بەهۆی پێڕاگەیاندنی درەنگی دادگاوە دەربارەی ڕێککەوتی دانیشتنەکان. دادگەکان هەڵنەستاون بە پێڕاگەیاندنی ڕێککەوتی دانشتنەکان بە کەسوکاری تۆمەتباران، وە نووسینگەی کۆمسیار/یونامی ئەوکاتە زانیویەتی کە دادگاییکردنەکان بەڕێوەدەچن دوای ئەنجامدراون.

پارێزەر و خێزانەکانیان، وەهەروەها بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەندامانی دادوەری، وە لەرێگەی راپۆرتی دەستەگە میدیاییەکان. ئاماژە بۆ ئەوکەیسانە بە ووردی ڕوونکراوەتەوە.

## IV. چوارچێوەی یاسایی[5]

### مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە

عێراق ئەندامە لە زۆربەی پەیماننامە سەرەکییە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسسیەکانیشەوە.[6] پەیماننامەکە زنجیرەک ماف و گەرەنتی لەخۆدەگرێت کە دلنیایی لە دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەدات، کە وولاتانی ئەندام پێویستە رێزیان لیبگرێت بەبێ لەبەرچاگرتنی دابونەریتە یاساییەکانیان.[7]

دەستوری عێراق زامنی سەربەخۆیی دادوەریی و مافی مامەڵەکردن بە دادگەرییەوە لە پرۆسە دادوەریی و کارگێرییەکان دەکات. هەروەها دەستوور ئەوەش نیشاندەدات کە پرۆسەکانی دادگاییکردن بەئاشکرا بێت تەنها لەوکاتەی کە دادگا بریاردەدات بەنهێنی بێت.[8] سەرەرای ئەوەش، یاسای بنەما دادگرییە سزاییەکانی عێراق و یاسا نێوخۆییە پەیوەندداەکان پارێبەندییەکان لەخۆدەگرن کە ئامنج لێیان دلنیابوونەوەیە لە پرۆسە دادپەروەرییەکان و پاراستنە دژی بەهەرەمەکی بەکارهینانی یاسا، وەکو مافی پارێزەرێک لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆلینەوە و دادگاییکردن.[9]

### ئازادییە بنچینەییەکان

پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان پارێزگاری لە ژمارەیەک ئازادییە بنچینەییەکان دەکات، وەکو گردبونەوەی ئاشتیاننە، رادەربرین، بەشداری سیاسی و رێکخراوەییەکان. هەر سنورداركردنێک دەبێت مەبەستێکی شەرعی لەدوواوە بێت و هەروەها زەمینەی یاساییشی هەبێت، وەکو پاراستنی تەندروستی گشتی و ئاسایشی نیشتمانی و بگونجێت لەگەل ئەزمونە ووردەکانی پێویستی و بالانس، وەکو ئەوەی لەسەر بنەمای کەیس بە کەیس هەڵبسەنگێنرێت.[10] هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان مافی بەشداریی سیاسیشی دەستەبەر کردووە.

دەستووری عێراق بەیەکسانی پارێزگاری لە ئازادی رادەربرین دەکات، گردبوونەوە و خۆپێشاندنانی ئاشتیانە، مافەکانی ئازادیی ریکخراوەیی و پەیوەندیگرتن، بە پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنیشەوە. *[11]*

### بەندەکانی یاسای سزادانی عێراق (یاسای ژمارە ١١١/١٩٦٩)[12]

ماددەی ٥٦ی یاسای سزادان دەڵێت: "(١) هەر ئەندامێکی پیلانگێری تاوانکاری، ئەگەر هەوڵیشی نەدابێ کە پلانەکە جیبەجێبکات، لەبەردەم سزادان دایە بە زیندانیکردنێک زیاتر نەبێت لە ٧ ساڵ ئەگەر پلانەکە تاوانێکی جددی بێت یان بە ماوەیەک زیندانیکردن کە زیاتر نەبێت لە ٢ ساڵ یان بە پێبژاردنێک کە لە ١٥٠دینار زیاترنەبێت ئەگەر تاوانەکە کەتن بێت. ئەمە لەکاتێک کە یاسا سزایەکی دیاریکراوی باس نەکردبێت بۆ پیلانگێری".

---

[5] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چوارچێوە یاسایە نێونەتەوەیی و عیراقییەکان سەیری شیکاری پەیوەندیدار بکە لە راپۆرتەکانی نووسینگەی کۆمسیار/یونامی: ئازادی رادەربرین لە هەرێمی کوردستانی عێراق (مایسی ٢٠٢١)؛ مافەکانی مرۆڤ لە بەرێوەبردنی دادگەری لە عێراق: دادگاییکردنەکان لەژێر رۆشنایی یاساکانی دژەتیرۆر و سوودەکانی دادگەری، بەرپرسیاریەتی و یەکانگیری کۆمەلایەتی دوابەدوای داعش (کانوونی دووەمی ٢٠٢٠)؛ مافەکانی مرۆڤ لە بەرێوەبردنی دادگەری لە عێراق: دۆخە یاساییەکان و پرۆسەکانی پارێزبەندی بۆ بنەبڕکردنی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو (ئابی ٢٠٢١) لەم بەستەرە https://www.ohchr.org/EN/Countries/MENARegion/Pages/UNAMIHRReports.aspx

[6] عێراق پەیماننامەی نیونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی پەسەندکرد لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١.

[7] بەتایبەتی سەیری پەیماننامەی نیونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسیەکان بکە، مادەی ١٤ و ٢٦. دەستەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژمارە ٣٢ (٢٠٠٧) لە مادەی ١٤: مافی یەکسانی لەبەردەم دادگەکان و داگاییکردنی دادوەرانە (CCPR/C/GC/32)، پەرەگرافی ٤.

[8] دەستوری عێراق (٢٠٠٥)، ماددەی ١٩.

[9] یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان، مادەی ١٢٣ و ١٤٤.

[10] بەتایبەتی سەیری پەیماننامەی نیونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسیەکان بکە، مادەی ١٩، ٢١ و ٢٥.

[11] دەستوری عێراق (٢٠٠٥)، ماددەی ٣٨-٤٠ و ٤٢.

[12] بەپێی هەمواری یاسای ژ. ٦ ی ٢٠٠٨، هەموو پێبژاردنەکان لەیاسای سزادانی عیراق هەموارکراون. بەلاّم تایبەت بە کەتن رێژەکەی لەنێوان دوو هەزار و یەك دیناره وه نابێت لە یەك مليون تێپەڕێت.

مادەی ١٥٦ لە یاسای سزادان، هەروەکو بە یاسای ژمارە ٢١ (٢٠٠٣)[13] ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "هەر یەکێک، بەهەر شێوەیەک بێت، بە ئەنقەست کارێک ئەنجامبدات کە بەنیازی زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیری و سەروەری دامودەستگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، وە لەئەنجامدا ئەو کارەی لێبکەوێتەوە، دەکرێت زیندانی هەتاهەتایی یان زیندانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر بسەپێت".

**مادەی ٢٢٢ی یاسای سزادان دەڵێت:**

*(١)* ئەگەر نیازی گردبوونەوە ئەوەبێت کە تاوانێک یان کەتنێک ئەنجامبدرێت یان ئامانج لێی رێگریکردن بێت لە جێبەجێکردنی یاسا، رێنماییەکان و بڕیارەکان یان کاریگەریکردنە سەر کاروبارەکانی دەسەلاتەکانی حکومەت یان سەندنەوەی ئازادی هەلسوکەوت بێت لە یەکێک بە بەکارهێنانی هێز یان مەترسیەکان، بۆیە هەر کەسێک بانگەشەی ئەو جۆرە گردبونەوەیە یان رێکیبخا یان ئەوەی بەشداری دەکات تێیدا لەوکاتەی ئاگادارە لە ئامانجەکانی یان هەر کەسێکی کە لەو گردبونەوەیە دەمێنێیتەوە دوای ئەوەی زانی کە ئامانج لەو گردبونەوەیە چیە، لەبەردەم سزادانی بەندکردنە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە ٢ ساڵ لەگەڵ پێبژاردنێک بە ٢٠٠ دینار یان یەکێک لەو سزایانە دەیگرێتەوە.

*(٢)* ئەگەر هەر یەکێک لە بەشداربوانی گردبوونەوەیەک هێزی بەکارهێنا یان هەڕەشەی کرد، یان بە ئاشکرا چەک یان هەر ئامرازێکی هەڵگرتبوو کە لەحالەتی بەهارهێنانی کوژرانی لێبەکەوێتەوە، ئەو کەسەی کە بانگەشەی بۆ ئەو گردبونەوەیە کردوە یان رێکیخستووە

*(٣)* ئەگەر هەر یەکێک لە بەشداربووانی گردبوونەوەکە سەرپێچی ئەنجامدا لەکاتی گردبوونەوەکە، هەر کەسێک لەو ساتەوەختەدا لە گردبوونەوەکە ئامادەبێت لەساتەوەختی سەرپێچیەکە، ئەوا دەکرێت سزابدرێت بەگوێرەی ئەوەی یاسا دیاریدەکات ئەگەر ئەو کەسە ئاگادارییە ئامانجی گردبوونەوەکە بوویێت، هەرکەسێک بانگەشەی گردبوونەوە بکات یان رێکیبخات، ئەوا دەکرێت سزابدرێت بەگوێرەی ئەوەی یاسا دیاری دەکات بۆ ئەو سەرپێچیە تەنانەت ئەگەربێتوو ئەو کەسە لەو گردبوونەوەیە ئامادەنەبێت لەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچیەکە.

## ٧. کۆنتێکست

لەمانگی ئایاری ٢٠٢١ هەریەك لە یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە بەناونیشانی: ئازادی ڕادەربرین لە هەرێمی کوردستانی عیراق. ڕاپۆرتەکە کە ماوەی ١ ی ئایاری ٢٠٢٠ بۆ ٣٠ نیسانی ٢٠٢١ ی لەخۆگرتبوو زیاتر تیشکی خستە سەر ئەو رێکارەنەی کە لەلایەن دەسەڵاتە گشتیەکانەوە گیراوبوونەبەر لە وەڵامدانەوە بۆ رەخنەکان و مامەڵەکردنیان بەرامبەر کێشە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.
لەکاتێکدا ڕاپۆرتەکەی مانگی ئایاری ٢٠٢١ دان بەهەموو ئەوکێشە نێخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیانەدا دەنێت کە دووچاری دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، بەڵام دەرەنجامە گشتییەکان جێگەی نیگەرانی بوون، بەتایبەتیش لە بەرجەستەکردنی هەڵبژاردن لە جێبەجێکردنی یاساکان و پابەندنەبوون بە رێکارە یاساییە پەیوەستەکان و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتی، بەتایبەت دادگایکردنی دادپەروەرانە. لەنێو ئەو نێگەرانیانەی کە تیشکی خراوەتەسەر ، گرتنەبەری رێکاری یاسایی بوون لەدژی ئەوکەسانەی کە لەدژی دەسەڵاتەکانی حکومەت خۆپێشاندانیان کردووە یان ڕەخنەیان هەبووە لەوەی کە حکومەت ریزی نەگرتووە لە مافە سەرەتاییەکان هەروەها زەماناتی دادگەری بەتەواوی ریزی لێنەگیراوە.
لەسەر ئەم بنەمایەش لە مانگی شوباتی 2021 ەوە هەریەك لە یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لەنزیکەوە هەڵساون بە چاودێریکردنی دادگایکردنی هەموو ئەوکەسانە ئەوانەی لە ناسراون بە ڕەخنەگرتنیان لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەچوار لەم کەیسانە کەیسی گرنگ بوون لەبەردەم دادگای تاوانی هەولێر، وە لەهەمان کاتدا ڕیکارەکانی

[13] ماددەی ١١٧ لە دەستوری عێراق "هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەی، وەکو هەرێمێکی فیدراڵی" دەنپێدادەنێت. ماددەی ١٢١ (١) هەروەها دەڵێت "دەسەڵاتە هەرێمییەکان مافی پیادەکردنی دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەرییان هەیە بەگوێرەی ئەم دەستوورە، تەنها بۆ ئەوە دەسەلاتانە نەبێت کە لەچوارچێوەی دەسەلاتی حکومەتی فیدرال دایە". لەژێر ئەو بنەمایەیە کە پارلەمانی هەرێمی کوردستان ماددەی ١٥٦ی یاسای سزادانی عێراقی هەموارکردەوە بۆئەوەی لەگەڵ ناوەرۆکی هەرێمی کوردستان بگونجێت.

تاوان بەردەوام بوون لەدژی ڕەخنەگرەکانی تریش لەسەر بنەمای چەندین ئەحکامی یاسایی کە بابەتی "ناوزڕاندن" یان " بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و بەلاڕیدابەر"[14] بەتاوان هەژمار دەکات، ئەم کەسانە بەتاوانی مەترسی بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری گشتی تۆمەتبار کراون.

ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە پێشکەشکردنی شیکردنەوەی زیاتر دەربارەی نیگەرانیەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ کە پەیوەستن بەم دادگایی کردنانە. ئەمەش بەشێکە لەم هاماهەنگییە بەردەوامەی کە لەنێوان یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە لەسەر بەرجەستەکردنی یاساو ئازادی ڕادەربڕین.

**کورتەی کەیسەکان و دادگاییکردنەکان لەبەردەم دادگای تاوانی هەولێر.**[15]

**کەیسی ١ دەربارەی دوو لە تۆمەتبارەکان**[16]

حالەتەکە: سەپاندنی سزای یەك ساڵ بەندکردن بەسەر هەردوو کەسەکە لە ١٩ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ بەپێی ماددەی (٢٢٢) لە یاسای سزاکان. هەروەها دادگا هەردوو تۆمەتباری بۆماوەی پێنج ساڵ خستۆتە ژێر چاودێری پۆلیس دووای تەواوکردنی ماوەی حوکمەکەیان بەپێی ماددی ١٠٩ لە یاسای سزاکانی عیراقی.

**دانیشتنەکانی دادگا:** ١٥ ی شوبات: ٢٩ ی تەموز: ١٥ ی ئەیلول: ١٢ی تشرینی یەکەم و ١٩ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەدانیشتنی یەکەمی دادگادا بڕیار دراکەوا کەیسەکە بگێڕدرێتەوە بۆ دادگای لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبەر "کەمی بەڵگەکان".

**تۆمەتەکان:** لەسەرەتادا بەپێی ماددەی ١٥٦ لە یاسای سزاکان، هەروەك لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت، دوواتر لە دانیشتنی کۆتاییدا گۆڕا بۆ ماددەی ٢٢٢ لە یاسای سزاکان.

**تاوانی بانگێشەبۆکراو:** هەوڵدان بۆ پەیداکردنی چەك بۆ مەبەستی تێکدانی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستانی عیراق: پلاندانان بۆ هێرشی چەکداری لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری دهۆك و پیلانگێڕی لەگەڵ چەند لایەنێك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان.

**ڕاگرتنی پێش دادگاییکردن:** ئەم دوو کەسە لەمانگی ئایارو ئابدا هاتنە دەستگیرکردن ، لەکاتێکدا یەکێکیان هاتە ئازادکردن دووای ئەوەی زیاتر لە ساڵێکی لە سەنتەری ڕاگرتن بەسەر بردبوو، کەچی ئەوەی تریان تاکو ئێستا ئازاد نەکراوە لەبەر ئەوەی حوکمێکی تری بەسەردا سەپێنرابوو لە کەیسێکی تردا ( سەیری خوارەوە بکە):

**دادگایکردنی زیاتر:** لەنێوان مانگەکانی حوزەیران بۆ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ لەچەند دانیشتنێکی جیاوازدا لەبەردەم دادگای کەتنی دهۆك، سزای دوو ساڵ بەندکردن و ٢٥٠ هەزار دینار پێبژاردن سەپێنرا بەسەر یەکێك لەم تۆمەتبارانەدا لە پێنج تۆمەتی جیاوازدا کە پەیوەست بوون بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی بەتەل و بێتەل و ناوزراندن و پابەندنەبوون بە فەرمانەکانی کارمەندی فەرمی[17] . لە 15 ی تشرینی دوەمی 2021، دادگای تێهەڵچونەوەی دهۆک هەڵسا بە هاڵپەساردنی جێبەجێ کردنی سزای شەش مانگ زیندانی کردنی لە دژی هەمان تۆمەتبار کە پەیوەست بوو بە خەراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی.

**کەیسی ٢: سەبارەت بە پێنج تۆمەتبار**[18]

حالەتەکە: هەر پێنج کەسەکە بە شەش ساڵ حوکمدران لە ١٦ی شوباتی ٢٠٢١ دا بەپێی مادەی ١٥٦ لە یاسای سزاکان، هەروەك لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت. لە ٢٨ ی نیسان و ٢٠ ی حوزەیرانی ٢٠٢١ دا دەستەی دادگای تەمیز لە هەرێمی کوردستان بۆ جارێکی تر حوکمەکەی پشتڕاست کردەوە.

**دانیشتنی دادگا:** ١٥ و ١٦ شوباتی ٢٠٢١

تۆمەتەکان: بەپێی یاسای ١٥٦ لە یاسای سزاکانی عیراق هەروەك لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

تاوانی بانگێشەبۆکراو: کۆکردنەوەی زانیاری و گواستنەوەی بۆ لایەنێکی بیانی دەرەوەی عیراق بەرامبەر بە وەرگرتنی پارە. پێدانی زانیاری هەستیار بە پارتی کرێکارانی کوردستان ( پ.ك.ك)، خستنە مەترسی ژیانی بەرپرسانی گەورەی هەرێمی کوردستان و بەرپرسە بیانییەکان بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان، لەگەڵ کۆکردنەوەی چەك بەمەبەستی پێدانی ئەم چەکانە بە لایەنێکی چەکداری نەناسراو.

**ڕاگرتنی پێش دادگایکردن:** هەر پێنج کەسەکە لە سەرەتای مانگی ئەیلولەوە تا ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ دەستگیرکراون و لەسەنتەری ڕاگرتن ماونەتەوە تا ڕۆژی حوکمدانیان.

---

[14] بۆ نمونە سەیری کەیسە زیادکراوەکان بکە لە خوارەوە کە لەدژی ٣ لەم کەسانەدا جوڵێنراون

[15] هەڵسوکەوتی تاوانکاری بانگێشەبۆکراو کە لە کورتەی کەیسەکەدا هاتووە بریتییە لە داڕشتنی زارەکیی ( وەرگێڕدراوە) لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەکارهاتووە.

[16] ناوەکان لە هەموو کەیسەکاندا بەشاراوەیین بەهۆکاری پاراستنیان

[17] یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامیرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان ( یاسای ژ.٦ ی ساڵی ٢٠٠٦)، مادی ٢: مادەی ٢٤٠ لە یاسای سزاکان

[18] سەیری ڕاپۆرت کۆمیسیاری باڵا/ یونامی بکە، ئازادی ڕادەربڕین لەهەرێمی کوردستان لەمانگی ئایاری ٢٠٢١ لاپەڕە ١١-١٢

**دادگایکردنی زیاتر**: دوو لە تۆمەتبارەکان چەند تۆمەتێکی تریان خرایە پاڵ کە پەیوەستن بە ناوزراندن و گوێنەدان بە فەرمانەکانی بەرپرسانی فەرمی و یاسای چەك هەڵگرتن، بەڵام تا مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢١ ئەم کەیسانە لە دادگا یەکلایی نەکراونەتەوە.[19]

**کەیسی ٣: سەبارەت بە چوار تۆمەتبار.**
**حالەتەکە**: لە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ دا بەپێی مادەی ١٥٦ لە یاسای سزاکان هەروەك لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت سزاکان بەم شێوەیە بوون: سێ ساڵ و نیو، دوو ساڵ و نیو وە ساڵێك و دوو مانگیش بۆ ( دوو لەم تۆمەتبارانە)
**دانیشتنی دادگا**: ١٢ ی تەموز و ٦ ی ئەیلول و ٤ ی تشرینی یەکەم و ٢٠ ی تشرینی یەکەم و ٨ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١.
**تۆمەتەکان**: بەپێی یاسای ١٥٦ لە یاسای سزاکانی عیراق هەروەك لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت
**تاوانی بانگێشەبۆکراو**: پێلانگێری بۆ دامەزراندنی گروپی چەکداری بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەشهیرکردن بە حکومەت و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئۆپەڕاسیونە سەربازیەکانی تورکیا و گواستنەوەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان وە هەروەها هەوڵی بەرزکردنەوەی سکاڵا دەربارەی هێرشە ئاسمانیەکانی تورکیا.
**ڕاگرتنی پێش دادگایکردن**: تۆمەتبارەکان لە کۆتایی مانگی ئاب بۆ سەرەتای مانگی ئەیلول دەستگیرکراون و تا ڕۆژی دادگایکردن لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن ماونەتەوە. ئەو دوو تۆمەتبارەی کە بە ساڵێك و دوو مانگ سزای بەندکردنیان بۆ دەرچوو لە دووای دادگاییکردنیان لە ٨ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ ئازادکران دووای ئەوەی ماوەی حوکمەکەیان لە سەنتەری ڕاگرتندا بەسەربردبوو.

**کەیسی ٤: سەبارەت بە پێنج تۆمەتبار**
**حالەتەکە**: یەکێك لە تۆمەتبارەکان ئازادکرا، بەڵام چوار تۆمەتبارەکەی تر بۆ ماوەی یەك ساڵ حوکمدران لە ٢١ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دا بەپێی مادەی ٥٦ لە یاسای سزاکان. هەروەها دادگا بڕیاری دا کە هەر چوار حوکمدراوەکە بەپێی مادەی ١٠٩ لە یاسای سزاکانی عیراق بۆ ماوەی پێنج ساڵ بخرێنە ژێر چاودێری پۆلیسەوە دووای ئەوەی ماوەی حوکمەکانیان تەواو دەکەن. لەگەڵ زەوتکردنی مۆبایلی هەر چوار سزادراوەکە بەپێی مادی ٣٠٨ لە یاسای بنەما داگەرییە سزاییەکان.
**دانیشتنی دادگا**: ٥ی تەموز و ١٣ ی تەموز و ٨ی ئەیلول و ٦ی تشرینی یەکەم و ٢١ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.
**تۆمەتەکان**: لەسەرەتادا بەپێی مادەی ١٥٦ لە یاسای سزاکان هەروەك لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت، دوواتر لە دانیشتی کۆتایی دادگادا گۆڕا بۆ مادەی ٥٦ لە یاسای سزاکان.
**تاوانی بانگێشەبۆکراو**: کاری بەکۆمەڵ بۆ تێکدانی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستانی عیراق و هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی پارێزگاری دهۆك. هەولدان بۆ دامەزراندنی گروپێك لە دەرەوەی عیراق بەمەبەستی تێکدانی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و بە پلاندانان بۆ کارکردن لەگەڵ کونسولخانەکان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش کونسولخانەی ئەمەریکا بەمەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ پلانەکەیان وە بۆ سەرچاوەی پەیداکردنی چەك تاکو لە پلانەکەیاندا بەکاریان بهێنن، هەروەها دامەزراندنی گروپێك بەناوی " بزوتنەوەی دوواڕۆژ" .
**ڕاگرتنی پێش دادگایکردن**: لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠٢٠ ەوە هەر هەموویان لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا مابوونەوە تاکو ئازادکردنیان لەدووای دادگایکردنیان لە ٢١ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١( لەبەر ئازادکردنی یەك کەس وە ئەو کاتەی کە لە سەنتەری ڕاگرتندا بەسەربراوە لەلایەن تۆمەتبارەکانی ترەوە).

جگە لەم حاڵەتانەی کە لەسەرەوە باسکران یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکەن کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢١ دا کەسێکی تر لە دادگای تاوانی دهۆکدا بە حەوت ساڵ زیندانی کردن حوکم دراوە بەپێی مادەی ١٥٦ لە یاسای سزاکان، هەروەك لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا جێبەجێ دەکرێت. یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ نەیانتوانیوە چاودێری دادگایکردنەکە بکەن لەبەر ئەوەی تۆمەتبارەکە نوێنەرایەتی نەکراوەو کەس بە بەرواری دادگایکردنەکەی نەزانیوە، بگرە کەسوکارەکەشی لەم بەروارە ئاگادار نەکراونەتەوە، بۆیە ناتوانین ئەم کەیسە بخەینە نێو ئەم شیکردنەوەیەی لە ئێستادا ئەنجامی دەدەین. لەپاڵ ئەمەشدا یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ چەندین ڕاپۆرتی تریان دەستکەوتووە دەربارەی ئەم دادگایکردنە کە جێگەی نیگەرانین هەروەك لە کەیسەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتەشدا هاتوون.

[19] هەردوو مادەی ٤٣٣ و ٢٤٠ لە یاسای سزاکان و مادەی ٢١ لە یاسای چەك ( یاسای ژ.٥١ ی ساڵی ٢٠١٧). هەروەها سەیری دەستەی سزایی دووەمی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بکە (ژ.٥٢) ی بەرواری ٢٠ حوزەیرانی٢٠٢١ بکە .

## VI. دەرەنجامە سەرەکییەکان و نیگەرانییەکانی مافەکانی مرۆڤ

مافی تەواو لە دادگایکردنی دادپەروەرانە لە زنجیرەیەك زەماناتدا پێکدێت کە کار بۆ پاراستنی سەروەری یاسا دەکات لەڕێگەی ڕێکارەکانی دادگایکردندا. لەپاڵ ئەمەشدا، مافی دادگایکردنی دادپەروەرانە زۆر گەورەترە لەم مافە تاکەکەسیانە وە تەنها لە دادگایکردنێکی ئاشکرادا خۆی نابینێتەوە.

سودمەندبوونی تەواو لە دادگایکردنی دادپەروەرانە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پشتبەستە بە ئەنجامدانی تەواوی پرۆسەی دادگایکردنی دادپەروەرانە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو قۆناغی پێش دادگایکردن، بۆیە بەستراوەتەوە بە مافەکانی تری[20] وەك، مافی ئازادی لە گرتنی هەڕەمەکی و مافی ئەشکەنجە نەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو هەروەها مافی ئازادی ڕادەربڕین.

ئەمانەی خوارەوە دەرەنجامە سەرەکیەکانی یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤن دەربارەی جێبەجێکردنی لیستێکی ناتەواوی مافەکانی دادگایکردنی دادپەروەرانە.

### 1. سەلماندنی کەیسەکان

جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی یاسای تاوان

لەم کەیسانەی کە لەسەرەوە باسکران، واپێدەچی کە زۆربەی کەیسەکان بەپێی مادەی ١٥٦ ی یاسای سزاکانی عیراقی لەدژی هەر هەموو ئەو کەسانە کاری پێکراوە بەوپێیەی کە لەکوردستاندا جێبەجێ دەکرێت. تەنها لەدوو کەیس نەبێت لەکۆی چوار کەیس کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە، لە دانیشتنی کۆتایی دادگادا تومەتەکان گۆڕاون بۆ تاوانی جینائی بەپێی مادەکانی ( ٥٦ و ٢٢٢لە یاسای سزاکان. سەیری کورتەی کەیسەکان بکە لە بەشی پێشووتر).

هەموو ئەو ئەحکامانەی یاسای تاوان کە ئەو کەسانەی پێ تۆمەتبارکراوە بریتین لە برگەی لێڵ و ناڕوون کە پێناسەیەکای ڕوونی تاوانەکانی پێوە دیار نییە. پرەنسیپی شەرعیەت کە لەمادەی ١٥ ی پەیمانی نێودەوڵەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووەکە پێویستە یاساکان زۆر بە وورد‌ی دابرێژرێن بۆ ئەوەی هەمووکەس بتوانێت هەڵسوکەوتەکانی بەم پێیە ڕێکبخات.[21] بۆیە لێڵی و ناڕوونی ئەم ئەحکامە چوارچیوەی هەڵسوکەوتی قەدەغەکراو بەشێوەیەکی بەرچاو فراوانتر دەکات وە وایلێدەکات کە بکەوێتە بەر لێکدانەوەی خوودی و زێدەڕۆیی.

وەك سەرچاوەیەکی تری نیگەرانیەکان، یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینیان کردووە کەوا مادەی ٢٢٢ ی لە یاسای سزاکاندا کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا بەکارهاتووە بۆ تاوانبارکردنی هەندێك لە تۆمەتبارەکان وەك گردبوونەوە بەمەبەستی "کاریگەری بۆ سەر کاروبارەکانی دەسەڵاتە گشتیەکان" پێشتر بە فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتیی ژمارە ١٩[22] لە بەرواری ٩ ی تەموزی ٢٠٠٣دا هەڵپەسێردراوە ( ئازادی گردبوونەوە)، چونکە " بەشێوەیەکی ناڕەوا مافی ئازادی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتیانە سنووردار دەکات" . لەبەر ئەوەی کە فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی بۆ هەڵپەساردنی مادەی ٢٢٢ لە یاسای سزاکان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا بەفەرمی پەسەند نەکراوە، بۆیە ئەحکامەکان بە (پێچەوانەی بەشەکانی تری عیراقی فیدراڵ) لەوێ کاریان پێدەکرێت.

**هەڵسوکەوتی بانگێشە بۆکراو و ستانداردەکانی سەلماندن**

یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینیان کردووە کە لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی دادگاییکردندا داواکاری گشتی پێناسەیەکی تەواوی نەداوە بۆ ئەم کارانەی کە لەلایەن ئەم کەسانەوە ئەنجامدراون کە ببن بە تاوان. بەڵکۆ داواکاری گشتی بە پێشەنگی (نوێنەرێکی ئاسایش لە هەموو کەیسەکاندا[23]) چەندین تۆمەتی گشتی خستۆتەروو لە دانیشتنەکانی دادگادا، داواکاری گشتی سەرکەوتوو نەبووە لە دەستنیشانکردن و سەلماندنی هەر کارێکی دیاریکراو بۆ تۆمەتبارەکان کە پاڵپشتی بکات لە تۆمەتبارکردنیان. ئەم گۆڕانکاریانەی کە لە کۆتا خولەکدا ئەنجامدران لە تۆمەتەکان لە دوو کەیسدا ئاڵۆزیەکەی زیاتر کردووە،

[20] سەیری لێژنەی مافەکانی مرۆڤ بکە کۆمێنتە گشتیەکان کۆمێنتی ژ.٣٢ ی ٢٠٠٧ لەسەر مادەی ١٩: ئازادی ڕادەربڕین .,(CCPR/C/GC/32) برگەی ٥٨-٦٣،٦١-٦٥

[21] سەیری لێژنەی مافەکانی مرۆڤ بکە کۆمێنتە گشتیەکان کۆمێنتی ژ.٣٤ (٢٠١١) تایبەت بە مادەی ١٩ ، ئازادی ڕادەربڕین .(CCPR/C/GC/34), para. 25

[22] سەیری فەرمانی ژ.١٩ بکە، ئازادی ڕادەربڕین لە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بە ئۆنلاین بەردەستە: https://govinfo.library.unt.edu/cpa-iraq/regulations/20030710_CPAORD_19_Freedom_of_Assembly_.pdf

[23] پارێزەرانی کەیسەکان رووبەڕووی ئەم ڕاستییە بوونەوە کە کاتێك نوێنەرانی ئاسایش پێشەنگی داواکاری گشتیان دەکرد لە کاتی دادگایکردنەکاندا لەسەر بنەمای مادی ٢ لەیاسای داواکاری گشتی ژ.١٥٩ ی ساڵی ١٩٧٩( کە لە ١٤ ی ئازاری ٢٠١٠ دا لەهەرێمی کوردستاندا هەموارکراوەتەوە). کەتیایدا هاتووە دەبێت داواکاری گشتی کەیسەکان بجوڵێنێت، کەچی دادگاکان ڕێگەیان بەم پەیڕەوەداو داواکاری گشتیش لاری نەبوو.

بێبەشکردنی تۆمەتبارەکان لە هەر هەلێك بۆ گونجاندنی بەرگریەکانیان بۆ وەڵامدانەوە. لە کەیسی ژمارە ٤ دا ( بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشەی پێشوو بکە)، تۆمەتبارکردنی تاوانبارەکە لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی حوکمێکی پەیوەست بوو بە پیلانگێری بۆ ئەنجامدانی تاوانێك ( مادەی ٥٦ لە یاسای سزاکان) بەڵام هیچ کارێکی تاوانی بنەڕەتی دەستنیشان نەکرابوو.

هەروەها یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئەو بەڵگانەی لە دانیشتنەکانی دادگادا پێشکەش کراون لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێن، بەتایبەتیش پێشێلکاری لە مافی تۆمەتبار لە داواکردن بۆ پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی ئەو گەواهیانەی کە لەدژی ئەو خراونەتە ڕوو.[24]

بەڵگە سەرەکیەکانی پێشکەشکراو لە دانیشتنە ئاشکراکانی دادگادا بریتی بوون لە ١) هەواڵدەری نهێنی، ٢) بڵاوکردنەوەی نوسین و وێنەو ڤیدیۆ لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان،٣) ووتەکانی تۆمەتبارو شایەتحاڵەکان کە لەکاتی لێکۆڵینەوەکان و لەبەردەم دادگادا درابوون ( هەوەها زۆربەی ئەوانەی کە بانگکرابوون بۆ ئەوەی ووتەکانیان بدەن بە چەند کەیسێکی تریش تۆمەتبارکرابوون کەلەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە).

ئەوەی کە پەیوەست بێت بە بەڵگەکانی کە لە هەواڵدەری نهێنی وەرگیراون یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەیان کردووە کە هیچ یەکێك لەم هەواڵدەر نهێنیانە لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە نەبوونە بۆ ئەوەی ووتەکانیان پشڕاست بکەنەوە، هەروەها هیچ ڕێوشوێنێکی تریش نەگیراوەتەبەر بە مەبەستی چاکترکردنی دۆخی خراپی بەرگری لە کەیسەکاندا.[25]

بەپێی لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، ئەو دادگانەی کە کۆتوبەندی توند دەخەنە سەر یان مافی بانگهێشتکردنی شایەتحاڵەکان ڕەتدەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە پشکنینیان، لەنێویشیاندا ڕێگریکردن لە چینێکی دیاریکراوی شایەتحاڵەکان، ئەم جۆرە دادگایانە لەگەڵ پیوەرەکانی دادگای دادپەروەرانەدا ناگونجێن، بەتایبەتیش کاتێك کە دادگاکە دادگایەکی بێلایەن و سەربەخۆبێت. لە مادەی ١٤ ( ٣ هـ) لە پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە "زامنکردنی مافی کەسی تۆمەتبار بۆگفتوگۆکردن جا خۆی بێت یان کەسێکی تر لەگەڵ ئەو شایەتحاڵانەی کە لەدژی ئەوان گەواهی دەدەن، هەروەها ڕەزامەندی پێبدرێت بۆ بانگکردنی ( شهود النفی) بە هەمان مەرجەکانی (شهود الاتهام). وەك پرەنسیپی یەکسانی لە بەرگریلێکردن ئەم زەمانەتە زۆر گرنگە بۆ بەرگریەکی کارا لەلایەن پارێزەری تۆمەتبارەکە، لەهەمانکاتیشا گەرەنتی هێزێکی یاسایی دەدات بە تۆمەتبارەکە بۆ ئەوەی بانگهێشتی شایەتحاڵەکان بکات هەوەك چۆن داواکار ئەم مافەی پێدراوە"[26].

لەپاڵ ئەمەشدا، یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەیان کردووە کە دادگاکان هیچ یەکێك لەم زانیاریانەیان نەپشکنیووەتەوە کە مەترسی ئەوەیان هەبووە کە باوەڕپێکراوو پەیوەستن بە بەڵگەکانی بەردەمیان یان لەوانەیە ئەم بەڵگانە بەڵگەی نەرێنی بن. بۆ نمونە، زۆربەی تۆمەتبارەکان و شایەتحاڵەکان تانەیان لە ووتەکانیان داوەتەوە کە لەسەر فایلی کەیسەکەدا خوێنراوەتەوە، یانیش ئەو ووتانەیان ڕەتکردۆتەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دابویان یان بانگێشەی ئەوایەن کردبوو کە ئەم ووتانە بە ووردی ئەمانە نەبوون کە ئەمان داویانن.

هەروەها، زۆربەی ئەم ووتانەی کە بانگێشەی تۆمەتبارکردنیان تێدایە کە لەلایەن تۆمەتبارەکانەوە دراون وە لەلایەن داواکاری گشتیەوە وەك بەڵگە پێشکەشکراون، لەگەڵ ئەم بابەتانەی کە لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە وەرگیرابوون و لە دانیشتنەکانی دادگادا خرابوونە ڕوو ئاماژەن بۆ چەند چالاکیەکی پارێزراو بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، وەکو ڕێکخستن و بەشداریکردن لە گردبوونەوەی ئاشتیانە.

لەکەیسی ژمارە ٢ دا، هەر پێنج تۆمەتبارەکە لەبەردەم دادگادا باسیان لەوە کرد کەوا دانپیدانەکایان بەزۆرەملێ لەلایەن ئاسایشەوە وەرگیراون. ئەمەو دادوەر ڕەتیکردەوە کە بەدوواداچوونیان بۆ بکرێت. هەروەها دادگای تەمیزیش ئەمەی ڕەتکردەوە وە تاکیدیشی لەمە کردەوە کەوا دانپێدانانەکان ئەو بەڵگانەن کە بوونەتە بنەمای تۆمەتبارکردن لەبەرئەوەی هیچ ڕاپۆرتێکی پزیشکیان وەرنەگرتووە کە ئاسەواری ئەشکەنجەکان دەستنیشان بکات وە هەروەها سکاڵاشیان لەدژی ئەو کەسانە

[24]پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان مادەی ١٤ (٣) (ھ).

[25] بەکارهێنانی شایەتحاڵی نهێنی دەبێتە هۆکارێك بۆ بێبەشکردنی تۆمەتبار لە مافی تانەلێدان لەم بەڵگانەی کە لەلایەن داواکاری گشتییەوە خراوەتەڕوو، چونکە دەیانخاتە دۆخێکی ناهەموارەوە. لێژنەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ زۆر بەڕوونی باسی لەوە کردووە کە هەر سنووردارکردنێك بۆ سەر ئەو مافانەی کەلە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مەفە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە، لەنێویشیاندا مافی دادگاییکردنی دادپەروەریانە دەبێتپێویست و هاوسەنگ بێتوە نابێت بەهێچ شێوەیەك بە پاساو جێبەجێبکرێت کە زیان بە جەوهەری ئەم مافانە بگەیەنێت بەپێی پەیمانەکە. سەیری لێژنەی مافی مرۆڤ کۆمێنتە گشتیەکان. کۆمێنتی ژ،٣٢بڕگەی ٢٣ و ٣٩ بکە

[26] لێژنەی مافی مرۆڤ کۆمێنتە گشتیەکان. کۆمێنتی ژ،٣٢بڕگەی ٢٣ و ٣٩

تۆمار نەکردووە کە ئەشکەنجەیان داون[27]. هەروەها یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی ئەوەیان نەکردووە کە دادگا هیچ بەدواداچوونێك بکات سەبارەت بە دانپێدانەکانی بەزۆرەملێ کە زۆربەی تاوانبارەکانی کەیسەکانی ژمارە ١ و ٣ باسیان لێوەکردووە.

یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکەن کە زەماناتی ڕاگرتن بەتەواوی ڕێزی لێنەگیراوە: هیچ پشکنینێکی بزیشکی لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو ڕێکارەکانی دادگایکردن بۆ ڕاگیراوەکان نەکراوە جگە لە ( پشکنینی کۆڤید-١٩) نەبێت، بەشێوەیەکی ڕۆتینی ڕێگە نەدراوە بە پارێزەر لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێت ( لەگەڵ ئەوەی زەماناتی دەستوری هەیە کە پارێزەر مافی هەیە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن ئامادەبێت)[28]، لێکۆڵینەوەکان بەڤیدۆ تۆمار نەکراون، هەروەها هیچ ئامرازێکی ئەوتۆ نەبووە بۆ گەیاندنی کەیسەکانی ئەشکەنجە تەنها لە دادگا نەبێت[29].

تێبینی یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە گریمانەی تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانەکەی بەپێی یاسا دەسەلمێنرێت[30]، ئەم سەلماندنە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتەکانی داواکاری گشتی کە تۆمەتبارەکە تاوانێکی تایبەتی ئەنجامداوە.

یاسای نێونەتەوەیش داوا لەووڵاتانی ئەندام دەکات کەوا لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ و گشتگیرو بێلایەن ئەنجام بدرێت لەکاتی هەبوونی هەر هۆکارێکی لۆجیکی کە ئەشکەنجە یان مامەڵەی نەشیاو ڕووی داوە[31]. هەروەها، ئەرکی سەلماندنی ئەوەی کە دانپێدانانەکان بە خۆبەخشی کراون دەکەوێتە ئەستۆی داواکاری گشتی[32].

### دەرەنجامی بڕیارەکان

لەهەر ئەم چوار کەیسەی کە ئەم ڕاپۆرتە لەخۆی گرتوون، یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ تێبینی کردووە کە ئەو حوکمانەی کە لە دادگا دەرچوونە هیچ هۆکارێکی پێشکەش نەکردووە بۆ بڕیارەکەو شیکرنەوەشی بۆ دەرەنجامە سەرەکییەکان نەکردووە یان ئاماژەی بە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ نەکردووە کە پاڵپشت بێت بۆ ئەم بڕیارە[33]. لە کەیسی ژمارە ١ و ٤ دا ئەو حوکمانەی کە لەداگا خوێنرانەوە باسی لە بڕگە زیادکراوەکاندا نەکرد لە سزای سەپێنراودا- ئەویش چاودێریکردن لەلایەن پۆلیسەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەپێی مادەی ١٠٩ لە یاسای سزاکانی عیراق. هەروەها لە کەیسی ژمارە ٤ دا، زەوتکردنی مۆبایلی هەرچوار حوکمدراوەکە بەپێی یاسای ٣٠٨ ی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی عیراق.[34]

هۆکاری ڕوون و ڕازیکەر بۆ هەر بڕیارێك، بەتایبەتیش لە حومداندا بریتییە لە کۆڵەگەی سەرەکی دادگایکردنی دادپەروەرانە، ئەمەش نەك تەنها بۆ مەبەستی تانەلێدان بگرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسی تۆمەتبار و قوربانیەکەو بگرە خەڵکێش تێگەیشتنێکی فراوانیان هەبێت بۆ بڕیارەکە. هەروەها پێشکەشکردنی ئەم جۆرە لۆجیکە پێشبینی گشتی بتەوتر دەکات بە بێلایەنی و سەربەخۆیی دادگاکان، هەروەها بڕوابونیش بە سیستەمی دادوەری و شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دەزگا حکومیەکان زیاتر دەکات.

---

[27] سەیری حوکمی ژ. ٤٦٨ بکە لە بەرواری ٢٨ ی نیسانی ٢٠٢١، لە دۆسیەی یونامیدا.

[28] دەستوری عیراق، مادەی ١٩ (٤)

[29] بۆ زانیاری زیاتر سەیری ڕاپۆرتی یونامی / کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ بکە دەربارەی ڕاگرتن کە بەتایبەت ناوی نەهێنراوە بەڵام دەرەنجامەکان لەسەر هەرێمیش بەیەکسانی جێبەجێ دەکرێن. کۆمیسیار/یونامی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم زەماناتانە نەك تەنها دەبن بە زامنکردنی پرۆسەیەکەی دادپەروەرانە بگرە دەبن بە هۆکاری وەلانانی زۆر هەلی ئەشکەنجەوە مامەڵەی خراپ هەروەها نەهێشتنی بانگێشەی بەدرۆ لەلایەن ڕاگیراوەکانەوە.

[30] پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان مادەی ١٤ (٢) لێژنەی مافی مرۆڤ، کۆمێنتە گشتیەکان، کۆمێنتی ژ. ٣٢ (٢٠٠٧) بڕگەی ٣٠ دەستوری عیراق مادەی ١٩ (٥)

[31] ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە مادەی (١٢ و ١٦). لە مادەی ١٤ (٣) (ز) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە لە کەیسەکانی تاواندا، هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە بەزۆر گەواهی لەسەرخۆی نەدات و هەروەها بە زۆرەملی دانپێدانان لەسەر خۆی نەدات.

[32] سەیری لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بکە ، تێنینییە کۆتاییەکان لەسەر ڕاپۆرتی سەرەتایی عیراق ٢٠١٥ (CAT/C/IRQ/CO/1)، بڕگەی.٢٢.

[33] پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان مادەی ١٤ (١). یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان، مادەکانی ( ٢٢٣ و ٢٢٤) کە داوا دەکات دادگا ناوەڕۆکی حوکمەکە جا حوکم بێت یان سزا بۆ تاوانبارەکە ڕوونبکاتەوە.

[34] وە تێبینی کرا کە لە کەیسی ژمارە 4، داواکاری گشتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستا بە ناوەڕۆکی ئەو شتانەی کە گوایا دەرهێنرابوون لە ناو ئامێرەکانی موبایلی تۆمەتباران.

## 2. گونجان لەگەڵ مەرجە یاساییەکان و پارێزبەندی

دەست گەیشتن بە پارێزەران و داکۆکی کردنی یاسایی کار .

لە هەر چوار کەیسەکە، ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تێبینی ئەوەیان کرد کە پارێزەری داکۆکی کردنی تایبەت کە لەجیاتی تۆمەتبارانەوە مامەڵە دەکەن بە شێوەیەکی فەرمی وەکالەتیان بۆ نەکرابوو تا دەستپێکردنی یەکەم دانیشتنی دادگایی کردن. ئەمەش ئەو راستیە پشتڕاست ئەکاتەوە کە پارێزەران رێگەیان پێ نەدرابوو بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆمەتبار پێش دادگایی کردن( سەیری خوارەوە بکە) وە ئەمەش هاوهەڵوێستە لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی کە باسیان لە نەبوونی پارێزەر کردبوو لە کاتی لێپرسینەوە یان دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە .

پارێزەرەکانی تۆمەتباران نیگەرانی بەردەوامیان وروژاندوە، تەنانەت لە ناو دادگاش، کە ئەوان قەدەغەکرابوون لە دیدار لەگەڵ برێکاردارەکانیان لە کاتی راگرتنیان [35]. وە هەروەها باسیان لەوەش کردوە کە رووبەڕوی کۆت و بەندی زۆر توند بونەتەوە بۆ دەست گەیشتنی تەواو و لە کاتی گونجاو بە پەڕاوەکانی کەیسەکان، ئەمەش وایکردوە کە نەتوانن کەیسەکان بەشێوەیەکی باش ئامادە بکەن لە کاتی پێویست بۆ داکۆکی کردن لێیان .

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) جەخت لە مافی دەست گەیشتن بە پارێزەرو داکۆکی کردنی کارا دەکەنەوە لە نێو زۆرترین ئەو مافانەی کە گرنگی هەیە بۆ زامن کردنی دادپەروەری و بێگەردی. ئەوەش لەلایەن دەستوری عیراقەوە ددانی پیا نراوە کە دەستەبەری مافی داکۆکی کردن دەکات لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن[36].

**پەیوەندی کردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە**

ئەو زانیاریانەی کە گەیشتوونەتە دەست کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بە لایەنی کەم (13) کەس لە نێو ئەو کەسانەی کە دەستگیر کرابوون لە زیندانی تاکەکەسی دانراون[37] ( واتە جیاکردنەوەی فیزیکی و کۆمەڵایەتی بۆ راگیراو بۆ ماوەی 22 سەعات یان زیاتر لە رۆژێکدا) لە ماوەی رۆژانی یەکەمی لێکۆڵینەوە، وە لە حالەتی تردا، لایەنی کەم بۆ دووکەس، بۆ ماوەیەک کە ئەگاتە دووم مانگ .

بەپێ ی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، زیندانی کردنی تاکە کەسی رێگا پێدراو نیە تەنها لە هەندی حالەتی ئیستسنائی نەبیت و بۆ ماوەیەکی زۆر سنووردار. بەکارهێنانی زیندانی کردنی تاکە کەسی بۆ ماوەیەکی نادیار یاو دور و درێژی قەدەغەکراو لەوانەیە بگاتە ئاستی ئەشکەنجە یان جۆرەکانی تری مامەڵەی نەشیاو [38].

خێزانەکانی دەستگیرکراوەکان ووتیان کەوا کۆت و بەندی زۆر توند هەبوە لەسەر پەیوەندی کردن بە کەس و کارە راگیراوەکانیان، لە نێویشیاندا مۆڵەتدان تەنها بە ئەنجامدانی پەیوەندی تلفونی کورت یان لە هەندی حالەتدا بە سەردانی کردن کە چەند خولەکێکی تێنەپەڕاندوە و بە ئامادەبوونی دەسەڵاتەکانی ئاسایش [39]. زۆربەی زۆریان شوێنی دەستگیرکردنی ئەندامەکانی خێزانەکانی خۆیان نەدەزانی لە ماوەی دەستگیرکردنی سەرەتایی. کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تێبینی ئەوەشیان کرد کە دادگای تاوانەکانی هەولێر کۆت و بەندی لە پێش ئەندامەکانی خێزانی تۆمەتبارەکان داناوە لە گەیشتن بە دادگاییکردنەکان .

---

[35] بۆنمونە، لە کەیسی ژمارە 4 پارێزەری بەرگری لە دانیشتنی یەکەم، سکاڵای ئەوەی کرد لای دادوەری دادگا کە 38 جار هەوڵی داوە سەردانی گرتوخانەی ئاسایش بکات بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بریکاردارەکەی بەڵام رێگای پێ نەدراوە.

[36] دەستوری عیراق مادده 19 (4)، پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان مادە 14 (3) (د) کە " ئاسانکاری گونجاو) لەخۆ دەگرێت بۆ پارێزەر بۆ دەست گەیشتن بە دۆکیۆمێنت و بەڵگەکانی تر، لە نێویشیاندا ئەو شتانەی کە داواکاری گشتی لە پلانی دایە پێشکەشی دادگای بکات لە دژی تۆمەتبار یان ئەوەش کە بێ تاوانی دەکات.

[37] وا لێک ئەدرێتەوە کە جیاکردنەوەیەکی فیزیکی و کۆمەڵایەتی بێت بۆ راگیراو بۆ ماوەی 22 سەعات یان زیاتر لە رۆژێکدا.

[38] سەیری لانی هەرە کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بکە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بەندکراوان A/RES/70/175 کە لە خۆگیراوە لە 17 ی دیسمبەری 2015 ( بنەماکانی ماندیلا) بنەمای 43-45.

[39] کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تێبینی ئەوەیان کرد کە لە سەرەتای بلاوبونەوەی پەتای کۆفید 19 لە سەرەتاکانی ساڵی 2020، سەردانی خێزانی هەڵپەسێردرا بۆ شوێنەگانی راگرتن تا رادەیەکی زۆر وەک رێکارێکی خۆپارێزی وە لە جیاتی ئەوەش پەیوەندی تەلەفۆنی شوێنی گرتەوە .

بە پێ ی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، مافی دەستگیرکراوانە کە دەست بەجێ هەواڵ بدات بە کەسێکی نزیکی خۆی یان هەر کەسێکی تر کە خۆی هەڵیبژێری، سەبارەت بە راستی شوێنی دەستگیرکردنەکەی و یان گۆڕانکاریەک کە رووبدات لەسەر شوێنەکە. وە دەبێ رێگایان پێ بدرێت کە پەیوەندی بە کەس و کاریان بکەن لە ماوەی رێک و پێک[40] .

لە کاتێکدا ئەو کۆت و بەندانەی کە سەپێنراون لەسەر سەردانی کردن و یان پەیوەندی کردن، بەتایبەت لە پێناو پاراستنی لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاری بەردەوام بی، ئەوە نابێتە پێشێلکاری بۆ پێوەرە پەیوەندیدارەکان، بەڵام ئەوە دەبێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی کەسی مەترسیەکان بێ وە ناکری بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یان نەگونجاو پیادە بکرێت. وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تێبینی ئەوەی کردوە کە بێبەش کردن لە مافی سەردان و پەیوەندی کردن، لە پاڵ دەست نەگەیشتن بە پارێزەر لە کاتی قۆناغی لێکۆڵینەوە، لەوانەیە بارودۆخێک بخولقێنی کە بگاتە ئاستی دەستگیر کردن بەدوور لە جیهانی دەرەوە[41] .

**دواخستن لە رێکارەکان و راگرتنی پێش دادگایی کردن**

رێکارەکان دژی تۆمەتباران لە کەیسەکانی 1 و 3 و 4 بە دواخستنی بەردەوام بۆ دانیشتنەکانی دادگایی کردن باو بوو. هۆکارەکانی دواخستن بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەو شتانەی لە خۆ گرتبوو: درەنگ ئاگادارکردنەوەی دادوەری یەدەگ (البدیل) لە دانیشتنی گوێگرتن، نەبوونی کاتی پێویست بۆ داواکاری گشتی / یان دادوەرەکان بۆ خوێندنەوەی پەڕاوی کەیسەکە، لە نێویشیاندا گۆڕینی دادوەرەکان، گێرانەوە ( ناردنەوەی) پەڕاوی کەیسەکە بۆ دادگای لێکۆڵینەوە بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە، ئامادەنەبوونی سەرۆکی دادوەران .

زێدەباری ئەمانەش، لەکاتی دەرچوونی حوکم، تۆمەتبارانی کەیسەکانی 1 و 3 و 4 ماوەیەکی زیاتریان بە کرداری بردبوە سەر لە راگرتنی پێش دادگایی کردن، کە بوە هۆی ئازادکردنی راستەوخۆی زۆربەیان دوای دادگایی کردن بەهۆی ئەو ماوەی کە مابوونەوە بە فعلی لە راگرتن پێش خوێندنەوەی حوکم .

لە ماوەی راگرتنی دوورودرێژی پێش دادگایی کردن، تۆمەتباران لە بارودۆخێک دەستگیر کرابوون کە نەدەگونجا لەگەڵ لایەنی کەمی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەل ئەوکەسانەی کە راگیراون سەبارەت بە پێوەرەکانی مانەوە[42] . کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تێبینی ئەوەیان کرد کە ئاسایش دانی ناوە بە بوونی قەڵەباڵغی زۆر لە ئەنجامی ئەو ئاگرەی کە چاکسازی کەسنەزان لە هەولێر رویدا[43] کە بوە هۆی تێکچوونی بارودۆخی راگرتن لەو شوێنانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتیان لە ماوەی راگرتنی پێش دادگایی کردنی دەستگیرکراوەکان [44].

هەر بێبەشکردنێک لە ئازادی کۆت و بەندێکی گەورەیە لەسەر مافەکانی تاک و ئازادیەکانی. وە بەپێی لیژنەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان " مافی تۆمەتبار بۆ دادگایی کردن بەبێ دواخستنی بێ بیانو، ئامانج لێ ی هەر خۆبەدوور گرتن نیە لە هێشتنەوەی کەسەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە بارێکی بی یەقینی سەبارەت بە چارەنووسیان، وە ئەگەر راگیران لە گرتوخانە لە

[40] سەیری بنەماکانی ماندیلا بکە ، بنەمای 58 ؛ کۆمەڵی ئەو پرەنسیپانەی پەیوەندیدارن بە پاراستنی هەمووکەسەکان کە دووچاری یەکێک لە شێوەکانی راگرتن بونەتەوە یان بەندکردن، پرەنسیپی 15 و16. سەیری راپۆرتی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) بکە تایبەت بە راگرتن.

[41] دەستگیرکردن دوور لە جیهانی دەرەوە روودەدات کاتێک کەسی بێبەشکراو لە ئازادی قەدەغە دەکری لە پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە. وە بە پشت بەستن بە ماوەکەی و هەندی واقعی تر، لەوانەیە راگرتنی بەدوور لە جیهانی دەرەوە ببێتە پێشێلکاری بۆ کۆمەڵێک لە مافەکان کە لە پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتوە، لە نێویشیاندا مادەکانی 6و7و10و14. سەیری کۆمینتی گشتی 35 ، CCPR / C / GC / 35 ، برگەکانی. 35 و 35 بکە. وە بەپێ ی کۆمەڵە پرەنسیپەکە دەبێتە مایەی پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی ئەگەر" زیاتر لە چەند رۆژێک بێت". وە دەکرێ وەک وونبونی زۆرەملێ لێک بدرێتەوە کاتێک خێزانەکەی ئاگادار ناکرێتەوە بە شوێنی راگرتنەکەی و بێ ئاگاش بمێنن سەبارەت بە شوێنی کەسی بێبەشکراو لە ئازادی. هەروەها دەستگیرکردنی دوورودرێی بەدوور لە جیهانی دەرەوە بە شێوازێک لە شێوازەکانی ئەشکەنجە لێک دەدرێتەوە لە هەندی حالەتدا. سەیری راپۆرتی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) بکە سەبارەت بە راگرتن.

[42] سەیری بنەماکانی ماندیلا بکە، بنەمای 12و13.

[43] ئاگرەکە لە کانونی یەکەمی 2020 رویدا، و راگیراوەکان بەشێوەیەکی کاتی گوێزرانەوە تا ئەو ساتەی دامەزراوەکە دووبارە چاک دەکرێتەوە.

[44] لە هەوڵێکی بێهودە بۆ سەرنج راکێشانی بۆ بارودۆخیان و زامن کردنی مافەکانیان، کۆمەڵێک لە دەستگیرکراوەکان هەڵسان بە راگەیاندنی مانگرتن لە خۆراک، لە نێویشیاندا ئەو 16 کەسە، لە نێوان 20 ی ئەیلولی 2021 کە لەوساوەش کۆتایی هات. کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تێبینی ئەوەی کرد کە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دووبارە دەرفەت دان بە سەردانی خێزانەکانی کارپێکردەوە.

ماوەی پێش دادگایی کردن، دەبێ زامنی ئەوە بکرێت کە ئەو بێبەشکردنە لە ئازادی لەوە زیاتر نیە کە پێویستە لە بارودۆخی کەیسە دیاری کراوەکە، وە هەروەها لە خزمەت بەرژەوەندی دادپەروەریشە[45] .

### 3. بێگەردی پرۆسەی دادوەری

زێدەباری ئەو نیگەرانیانەی کە پەیوەستن بە ڕێکارە جینائیەکان کە گۆڕانکاری لە دادوەرە بەرپرسەکان لە خۆ دەگرێت [46]، ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) چەندین داتا و زانیاری (بیانات) دۆکیومێنت کردوە کە لەوانەیە بگاتە ئاستی کاریگەری دروستکردنی بەبێ بیانو لە پرۆسەی دادوەری، لە نێویشیاندا سەبارەت بە ئەنجامی ڕێکاری تێهەڵچونەوەی دواتر. ئەو جۆرە لێدوانانە مەترسی تەقویج کردنی گریمانەی بێتاوانی ( ئیفتراز البراءە) لەخۆ دەگری، کە ئەوەش پرسێکی بنەڕەتیە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

**نوسراوێک لە لایەن داواکاری گشتیەوە کە هۆشیارکردنەوە بۆ پارێزەرانی تیایە.**

لە رۆژی 14 ی حوزەیرانی 2021 سەرۆکایەتی داواکاری گشتی نوسراوێکی دەرکرد بۆ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بابەتەکەی "هۆشیارکردنەوە" [47] بوو، لەو نامەیەدا، داواکاری گشتی، باڵپشت بەمادەی یەکی یاسای داواکاری گشتی ژمارە 159 ی ساڵی 1979، داوای لە سەندیکای پارێزەران دەکات کە ڕێکار بگرێتە بەر لە دژی ئەو پارێزەرانەی کە کۆنفرانسی رۆژنامەوانی دەبەستن لە پاش دەرچوونی حوکم لە دادگا. وە نامەکە جەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کۆنفرانسە رۆژنامەوانیەکان کە لەلایەن پارێزەرانەوە دەبەسترێ بە مەبەستی ئاگادارکردنی خەڵک سەبارەت بە بۆچونونەکانیان پەیوەست بە دادگایی کردنەکان یان هەندی حوکمی دیاری کراو وا لێک دەدرێتەوە کە زیان بەخش بێ چونکە ناوی دادوەران و داواکارانی گشتی ئاشکرا دەکات لەگەڵ " زانیاری نهێنی" پەیوەست بە کەیسەکان. وە نامەکە ئەوەشی تیاهاتبوو کە ئەو جۆرە کۆنفرانسە رۆژنامەوانیانە لەوانەیە کاریگەری دروست بکات لەسەر پرۆسەی لێکۆڵینەوە و لەوانەشە ببێتە مایەی " هاندانی خەڵک لە دژی دادگاکان."

لە دوای ئەوە سەندیکای پارێزەران هەڵسا بە دەرکردنی ڕێنمایی پابەند بۆ پارێزەران بۆ پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بە دادگایی کردنەکان [48].

**ڕێکارە یاساییەکان لە دژی ئەو کەسانەی کە گومانیان دانا بوو لەسەر ئەنجام یان پرۆسەی دادگایی کردن یان دەسەڵاتەکان .**

راستەوخۆ لە دوای کۆتایی هاتنی دادگایی کردن لە کەیسی دووەم، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد بۆ برای یەکێک لە پێنج تۆمەتبارەکە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا رەخنەی لە ئەنجامی دادگایی کردنەکە گرتبوو لە میانەی کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا[49] .

لە 28 ی شوبات، بەرێوەبەرایەتی ئاسایش لە هەولێر تۆمەتی ناوزڕاندنی ئاراستەی یەکێک لە پێنج پیاوەکە کرد لە کەیسی دووەم لە سەر بنەمای ئەوەی کە لە کاتی پرۆسەی دادگایی کردن ووتبوی وەک بەشێک لە داکۆکی کردن لەخۆی، کە دووچاری ئەشکەنجە بۆتەوە لەسەر دەستی ئاسایش[50]. لە دانیشتنی کراوەی کەیسەی 1 لە 29 ی تەمووزی 2021 داواکاری گشتی موکور بوو لەسەر ئەوەی کە ئاسایش ئەتوانی سکاڵا تۆمار بکات لە دژی تۆمەتباران بە تۆمەتی ناو زڕاندنی ئاسایش.

**بڵاوکردنەوەی شتی ئاماژەیی زیان بەخش کە لە کاتی دادگایی کردنی کراوە پیشان نەدرابوو .**

دوای دادگایی کردن و حوکم دان لە کەیسی دووەم 2، لە 4 ی ئازاری 2021 کەناڵێکی تەلەفیزیونی تۆمارێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە دەگوترێ پێنج تۆمەتبارەکە پیشان دراون و ددان بەو تاوانانە ئەنێن کە پێوەی تۆمەتبار کرابوون و تاوانباریش پێیانەوە.

---

[45] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، ماددەی 14 (3) ج، لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژمارە 32(2007) CCPR/C/GC/32, برگەی 35.

[46] کەیسەکانی 3و4 دواخران لە رۆژانی 4 و 6 ی ئۆکتۆبەر یەک لە دوای یەک چونکە دادوەرە سەرەکیەکان گواسترابونەوە وە بەدادوەری نوێ شوێنیان پرکرابۆوە کە پێویستیان بەوە بوو خۆیان ئاشنا بکەن بە پەڕاوی کەیسەکە.

47 نامەکە بە کۆدی 208-2021/06/14 لەلایەن ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی یۆنامیەوە دۆکیۆمێنت کراوە.

[48] نامەکە بە کۆدی 1725 – 2021/06/16 لەلایەن ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی یۆنامیەوە دۆکیۆمێنت کراوە.

[49] سەیری نوسینگەی کۆمیسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ/ یۆنامی، ئازادی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستانی عیراق( ئایاری 2021) لاپەڕە 12 بکە.

[50] سەرچاوەی پێشوو

تۆمارە ڤیدیوییەکە کۆمێنتی بەرپرسێکی تیابوو کە ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرابوو لەلایەن ئاسایشەوە، کە ئەڵێ گوایا تۆمەتباران پەیوەندیدار بوونە بە پارتی کرێکارانی کوردستان و راهێنانیان پێکراوە لەسەر بەکارهێنانی چەک. ئەو ڤیدیۆیە لە کاتی دادگایی کردن بۆ بەرگری ئاشکرا نەکرابوو، هەر بۆیەش ناکرێ بۆ تۆمەتبارکە تانەی لێبدا[51].

## VII. دەرەنجام

دەرەنجامەکانی ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) تیشک دەخەنە سەر زنجیرەیەک هۆکاری نیگەرانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە میانی دادگاییەکان لە دژی ئەو کەسانە ، کە تۆمەتبار دەخەنە بارودۆخێکی زۆر ناهەموار وە تارمایی گومانیش دەخاتە سەر دادپەروەری گشتی و شەرعیەتی رێکارەکان. هەر هەموویان بە تاوانی مەترسیدار تۆمەتبار کران، لەسەر بنەمای حوکمی نارِوون و نا وورد بەبێ بیانویەکی گونجاو سەبارە بەو حوکمانەی کە دەرکران لە لایەن دادگاوە وە پاش هەرەسهێنان لە دیاری کردنی هەڵس و کەوتی کەسیانە یان سەلماندنی بە بەڵگەی گونجاو .

لە کاتێکدا ئەو حوکمانەی کە (بەشێوەیەکی رێژەیی کەمتر بوون) کە سەپێندرا بەسەر تۆمەتبارەکان لەوکەیسانەی کە گەنگەشە کران لە مانگی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 2021 لە پاش ئەو نیگەرانیە پەرت و پلاوەی کە وروژێنرا سەبارەت بە دادپەروەری دادگاییەکان لە پاش تاوانبارکردنیان لە کەیسی ژمارە 2 لە مانگی شوبات [52] – بوە هۆکاری ئازاد کردنی راستەوخۆی 7 حەوت کەس بەهۆی درێژی ئەو ماوەی کە بەسەریان بردبوو لە لە راگرتنی پێش دادگایی کردن، بەلام ئەوانە چارەسەری ئەو پێشێلکاریەکانی مافەکانی دادگایی کردنی دادپەروەرانەی نەکرد کە دیاری کراون لەم راپۆرتە .

سەرەرای ئەمەش، دەست کردن بە گرتنەبەری رێکاری یاسایی لە دژی ئەو کەسانەی کە گومانیان خستبوە سەر رێکارەکان و ئەنجامەکان، وە پشتگوێ خستنی ئەو سکاڵایانەی کە درابوونە دەسەلات، لە نێویشیاندا لە دادگا، سەبارەت بە پێشێلکاریەکان لە زەماناتە رێکاریەکان، لە واقیعدا ئەم شتانە ئەبێتە مایەی رەواندنەوەی ئەو کەسانەی کە بێبەش کرابوون لە مافی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە لە گەران بە شوێن چارەسەرێکی کارا .

لەوانەشە دەستبردن بۆ ئەو رێکارانە، سەرەرای لێکچوونەکان لەمەترسیەکانی دادگایی کردنی دادپەروەرانە کە تێبینی کرا لە هەر چوار پرۆسەی دادگاییکردنەکە، ئاماژەیەک بێت بۆ بەدواداچوونی جینائی بە ئامانجکراو بە ئامانجی سەرکوتکردن یان کپ کردنی رەخنەگرتن لە دەسەڵاتە گشتیەکان. ئەو جۆرە رێکارانە ، شان بەشانی ئەو مەترسیانەی پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ کە لە راپۆرتی ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق(یۆنامی) هاتوە لە مانگی ئایاری 2021 لە بارەی ئازادی رادەربرین لە هەرێمی کوردستانی عیراق، نامەیەکی کۆسپی بەهێز ئەنێرن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە وەلامی دەسەڵاتەکان بۆ رەخنە گشتیەکان

مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە فاکتەرێکی بنەرِەتیە بۆ زامن کردنی بەرێوەبردنێکی رێک و پێک دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی. دادگاییەکان وەک میکانیزمێکن بۆ زامن کردنی لێپرسینەوە و فەراهەم کردنی رێگاکانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی تاوانەکان یان ستەمکاری. هەر لەم چوارچیوە، زۆر گرنگە کە دادگاییەکان دادپەروەرانە بن، وە بە دادپەروەرانەش سەیربکرێن. شەفافیەت و لێپرسینەوە و کرانەوە بەرووی پرسیارە بونیاتنەرەکان دەرفەتێک دەرەخسێنی بۆ دەسەڵاتەکان بۆ روونکردنەوەی کردارەکانیان کە ئەمەش شتێکی بنەرِەتیە لە بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک و پاراستنی دیموکراسیەتێکی تەندروست.

---

51 سەرچاوەی پێشوو

52 سەرچاوەی پێشوو

## VIII. ڕاسپاردەکان

کۆمیسیاری مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتەوەکان / یۆنامی ئەو پابەندیە دووپاتکراوانە لەبەرچاو دەگرێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریبڕیوە سەبارەت بە سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری و مافەکانی مرۆڤ، هەروەک لە لێدوانەکانی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانەکەی جەختی لەسەر کراوەتەوە.. و ددانیش بەو پێشوەچوننانەدا دەنی کە لە سالی 2021 وەدەست هاتون، لە نێویشیاندا بەهێزکردنی هاوکاری و هەمئاهەنگی .

لە پێناو پاڵپشتی کردنی جێبەجێ کردنی تەواو و پراکتیکی ئەو پابەندیانە کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ / نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی عیراق دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان ڕادەسپێری بۆ :

• زامن کردنی ئەوەی کە هەرکەسێک تۆمەتبار بێ بە ئەنجامدانی تاوانێکی جنائی هەموو مافەکانی دادگایی دادپەروەرانەی بۆفەراهەم کراوە هەروەها زەماناتی اجرائی هەروەک پێویستە بەپێ ی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و نیشتمانیەکانی مافەکانی مرۆڤ پەیوەندیدار وە بنەماو یاسا نیشتمانیەکان. وە بەتایبەتیش هەنگاوی دەست بەجێ بنرێت بۆ زامن کردنی ئەمانەی خوارەوە :

o گومانلێکراوان و تۆمەتباران بەشێوەیەکی کارا سوود دەبینن لە دەست گەیشتنیان بە پارێزەران لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن، لە نێویشیاندا شوێنەکانی ڕاگرتن .

o گومانلێکراوان وتۆمەتباران ئاگادار دەکرێنەوە بە سروشت و هۆکاری ئەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەیان کراون، بە زووترین کات و بە تێرو تەسەلی ، و بە زمانێک کە تێ ی بگەن، وە سروشت و هۆکاری ئەو تۆمەتانەشیان پێڕابگەیەندرێ کە ئاراستەیان کراوە .

o تۆمەتبار کاتی تەواوی پێ بدرێت لەگەڵ ئاسان کاری و دەرفەت بۆ ئامادەکردنی کەیسەکەی و خستنەڕووی لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنیان لە بارودۆخێک کە نەیانخانە بارێکی ناهەموار، لە نێویشیاندا دەستگەیشتنی گونجاو بۆ پەڕاوی کەیسەکان ، توانای پێشکەشکردنی بەڵگە و تانەدان لێیان، زاڵبوون بەسەریان. وە لێپرسینەوە لە شاهێدەکان لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسانی بەرگریکردن .

o دڵنیابوون لەوەی کە هەموو گومانلێکراوان و تۆمەتباران سوود ئەبینن بە شێوەیەکی کارا لە گریمانەی بێتاوانی، بەبێ جیاکاری، وە ئەرکی سەلماندنی تاوان هەر لەسەر ئەستۆی داواکاری گشتی ئەمینێتەوە .

o هەموو ئەو کەسانەی کە بێبەش کراون لە ئازادیان ئەتوانن کە پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەن کە خۆیان هەڵیدەبژێرن بۆ ئەوەی پرسی دەستگیرکردنی خۆیان پێڕابگەیەنن و شوێنی خۆیانی پێ بڵێن بە مەبەستی ئاسانکاری کردن بۆ سەردانی خێزانی .

· زامن کردنی جێبەجێکردنی تەواو پراکتیکی زەماناتەکانی ڕاگرتن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ و کاراو گشتگیر و بێلایەن و ڕوون لە هەموو بانگەشەکانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نەشیاو بەمەبەستی ڕاگرتن وە لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە بەرپرس بوونە تیایا .

· دەرکردنی ئەحکامی شیکاری بە شێوەیەکی تەواو بۆ هەموو خەڵک، کە ئەنجامە سەرەکیەکان و ئەو بەڵگانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی بنەڕەتی دیاری کراو یان بەشداری کردن تیایدا یان هاوکاریکردن تیایدا .

· دلنیابوونەوە لەوەی کە هەموو ووتەکان و شایەتیەکان کە دراون لە دادگا لەکاتی دادبینی تاوانی ، بەتایبەتیش ئەو وتانەی کە گومانلێکراوان یان تۆمەتباران یان نوێنەرە یاساییەکانیان یان شایەدەکان ئەیدەن و بانگەشەی ئەشکەنجەی تیایە ، ئەچێتە ژێر باری مافێکی یاسایی ڕەها، و ناکرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ داوایەکی ناوزراندن بەپێ ی یاسای جنائی یان یاسای مەدەنی. لە دژی ئەو کەسە بەهۆی ئەنجامدانی.

· زامن کردنی ئەوەی کە ڕێکارە دادوەریەکان دەکرێت ئەنجام بدرێن بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی ناپێویستی تیا بکرێت لە نێویشیاندا دەستێوەردانی سیاسی .

• هەموار کردنی ئەو یاسایانەی ئێستا بۆ پێشکەش کردنی پێناسەی ڕوون بۆ هەڵس و کەوتی قەدەغەکراو وە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە خراونەتە سەر ئازادی ڕادەربڕین لە یاسا نیوخۆییەکان، گونجاون لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤی پەیوەندیدار.

# پاشکۆ وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ راپۆرتی یۆنامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان[53]

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان (OCIA)

---

**کۆمێنت لەسەر ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق /یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان:**

**مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین: داداگایی کردن لە هەرێمی کوردستان**

**دیسیمبەر ٢٠٢١**

**ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لەم دەرەنجامەنەی کە نوسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیگەیشتووە دوابەدوای پێداچونەوەیەکی وورد لەگەڵ لایەنەنە حکومیەکانی پەیوەست بەم بابەتانەی کە لەڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یەنامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە.**

**پێشەکی**

میدیای ئازاد زۆر گرنگە بۆ خودی خۆی، هەروەها توخمێکی سەرەکیشە بۆ سیستەمێکی دیموکراسی تەندروست .

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو فاکتەرانەی بەرجەستە کردوە لە حوکمڕانی خۆی کە بەوە ئەناسرێتەوە بە بوونی بالانسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێگای سیستەمێکی توند بۆ پشکنین و بالانس و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر

[53] دۆکیومێنتی فەرمی کە گەیشتە دەست یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرواری 20ی دیسیمبەری 2021.

کۆمەڵکەیەکی مەدەنی پێشکەوتوو. حکومەتی هەرێمی کوردستان نمونەیەکی هەرێمیە بۆ بەها دیموکراسیە بنەڕەتیەکان، لە نێویشیاندا مافی ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن. لەگەڵ ئەوەشدا، پابەندیشە بە ئەنجامدانی چاکسازی ئەگەر پێویست بکات.

### هەماهەنگی نێوخۆی و نێودەوڵەتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین هاوبەشدا کاردەکات لەپێناو پاراستن و برەودان بە ئازادی رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا. • بانگهێشتی هەریەک لە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانمان کردووە کە راوێژ پێشکەش بکەن لە بواری یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و هەروەها پاڵپشتی یاسایی.

• یۆنامی بە هەمئاهەنگی لەگەڵ نوسینگەی رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسان بە رێکخستنی وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژی لە نێوان 21 و22 ی ئەیلول بۆ نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆژنامەنووسان لەسەر "مافی ئازادی رادەربرین"

• حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکەوتنێکی درێژخایەنی هەیە لەگەڵ کۆمیتەی نێودوەوڵەتی خاچی سوور کە رێگە بە نوێنەرەکانیان دەدات بەبێ هیچ بەربەستێک و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بچنە سەردانی هەموو سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەم دواییانەش هەمان هەلی بەخشیوەتە کارمەندانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان/یونامی.

• هەروەها داوامان لەووڵاتانی ئەندام کردووە لە یەکێتی ئەوروپا کە هاوکارمان بن لە ئەنجامدانی چاکسازی یاسایی و دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

• وەزیرە باڵاکانی حکومەت راوێژیان کردووە لەگەڵ گروپەکانی داکۆکی نێوخۆدا، لەنێویشیاندا سەنتەری میترۆ بۆ مافی رۆژنامەنوسان و سەندیکان رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بو ئەو مەترسیانەی کە پەیوەستن بە ئازادی رۆژنامەوانی و مافاکان.

• حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا کاردەکات بۆ ڕاهێنانی دادوەرە نێوخۆیەکان لەسەر دادپەروەری تاوانکاری.

### پێشوەچون لە ئازادی رۆژنامەگەریدا

لە دووتوێ ی کورتەی جێبەجێکاری ئەو راپۆرتە، کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان/ و نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق جەخت دەکەنەوە لەوەی کە " هەنگاوی هەستپێکراو" نراوە لەماوەی مانگەکانی رابردوو بەرەو زیاتر پاراستنی مافی ئازادی رادەربڕین. لە کانونی یەکەمی سالی 2021 ەوە، دەرفەت رەخسێنرا بۆ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان/ و نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق کە سەردانی بێ کۆت وبەندی گرتوخانەکان بکەن، وە تەنها تاکو مانگی ئایار 14 سەردانیان ئەنجام داوە وە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ 60 راگیراو ئەنجام داوە.

سەنتەری میترۆ کە دەزگایەکی چاودێری و کامپینە بۆ مافی رۆژنامەنوسان لە عیراق، بەم دواییانە لە راپۆرتەکانیدا هاتووە کە بانگێشەکانی توندوتیژی لە دژی رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان لە پێنج مانگی رابردوودا نیواو نیو کەمبۆتەوە بە بەراورد بە سالی ٢٠٢٠. بەڵام ئەو کەسانەی کە راپۆرتەکەی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانیان ئامادەکردوە باسیان لەم دەرەنجامانە نەکردووە کە پسپۆرانی مافی رۆژنامەنوسان لە عیراق و کوردستاندا پێیگەیشتوون.

### کەیەسە تاکەکەسیەکان و پرۆسەی دادگایکردن

راپۆرتەکەی یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ ژمارەیەك تاکیدات پێشکەش دەکات دەربارەی بانگێشەکانی پێشێلکاری لە مافەکانی رۆژنامەنوسان لە کوردستان. ئێمە تێروانین دەکەین بۆ مەترسییە تایبەتەکان کاتێك دەخرێنە ڕوو،

هەرچەندە تائێستا هیچ ئاماژەیەکمان نییە کە کەسێك بە شێوەیەکی زۆرەملێ یان بەدەر لە ڕێکارە یاساییەکان گیرابێت. هەموو دەستگیرکردنەکان، جگە لە دەستگیرکردنی کاتی لەچوارچێوەی یاساو لەسەر بنەمای فەرمانی دادگەری بوونە.

لەگەڵ ئەو هەموو دۆخە ئەمنیەی کەبەسەر ناوچەکەدا دێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاشتی و گەشەسەندوو ماوەتەوە بە پێکەوەژیان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گەشەسەندو کە زیاتر جەخت لەسەر مافاکانی مرۆڤ و بەها دیموکراسیەکان دەکاتەوە. لەژێر هێچ بارودۆخێکیشدا خەڵکی سڤیل لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەی زۆرەملێ نەگیراون.

زەماناتی پرۆسەی دادگایکردن بۆ هەر شازدە کەس فەراهەم کراوە لە ماوەی ڕاگرتنیاندا. هەروەها مافی هەبوونی پارێزەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەدا دەستەبەر کراوە، سەرەڕای خێرایی دادگاییکردنەکان بەشێوەیەکی دروست ڕێکخراوە لەگەڵ هەبوونی ئاستەنگی زۆر بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩. هەموو فەرمانە دادگەرییەکانی دەستگیرکردن پشتبەست بوونە بە یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق. جێگای ئاماژەپێکردنیشە کە تۆمەتەکانی ئاراستەکراو هیچ پەیوەندیان بە کاری ڕۆژنامەگەری و چالاکوانیەوە نەبووە. وە لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا سەبارەت بە چەند کەسانێك کردەی تاوان دەرکەوتووە.

کەیسەکان بەشێوەیەکی جێگیر بە پرۆسەیەکی یاسایی باوەڕپێکراوو ڕووندا ڕۆیشتوون. هەروەها هەر شازدە کەس لە دانیشتنی دادگایی شەفاف و سەربەخۆدا وە بە ئامادەبوونی چاودێرانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی حوکمدراون. لە پرۆسەی دادگایکردنی هەموو ئەم کسانەدا، دادوەر زۆر بەووردی و بەڕوونی تاوانەکانی بۆیان خستۆتەڕوو. لەلایەن خۆشیەوە نوێنەری داواکاری گشتی بەڵگەی باوەڕپێکراوی خستۆتە بەردەم دادگا. هەروەها ئاشکراشە کە تۆمەتبارەکان و پارێزەرەکانیان لە دانیشتنەکانی دادگایکردندا دەرفەتی ئەوەیان هەبووە کە بەڵگەکانی خۆیان بخەنەڕوو و هەروەها تۆمەتاکانیش ڕەتبکەنەوە.

لەوانەیە چەند تێگەیشتنێکی هەڵە هەبێت بۆ یاساکان کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێت. وە وا پێویست بووە کە کردە تاوانیەکانی پەیوەست بە چەند تۆمەتبارێك بگۆڕدرێت. بۆ نمونە دووان لە تۆمەتبارەکان[54] لە سەرەتا بە تۆمەتی پێشێلکاری کردنی ماددەی 1 لە یاسایی ژمارە 21 ی ساڵی 2003 ی جێبەجێکراو لە هەرێمی کوردستان دەستگیر کرابوون. هەروەها پێنج کەسی تریش[55] بەهەمان مەرجی یاسایی دەستگیرکراون کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە. هەر حەوت کەسەکە لەسەرەتادا بە هاوکاریکەر دەستنیشان کراون، بەڵام دوواتر بەڵام دوو کەسەکەی یەکەم ئەو تۆمەتانەیان ڕەتکردەوە کە ئاراستەیان کرابوون، کەچی هەر پێنج تۆمەتبارەکەی تر تۆمەتەکانیان قەبوڵ کردوو تاکیدیشیان لەوە کردەوە کە لە کردەیەکی تاواندا تێوەگلاون بەمەبەستی تێکدانی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا. لەڕاستیشدا ئەوانەی کە پێشتر ناومان هێنان لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردندا دانیان بە تاوانەکانیان ناوە، بەپێی دەسەڵاتە دادگەرییە تایبەتمەندەکان. بۆیە، بەپێی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی ساڵی (١٩٧١) ی هەموارکراو، پەڕاوی کەیسەکانی ئەو تۆمەتبارانەی کە لە ڕۆژی 19ی تشرینی یەکەم حوکم دران لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا پەڕاوەکانیان لە پێنج کەسەکەی تر جوداکرایەوە، ئەوەبوو دادگا حوکمەکانی خۆی لەسەر بنەمای مادەی ٢٢٢ لە یاسای سزاداندا بەکارهێنا لەبەر ئەوەی پەیوەست بوو بەم تاوانانەی کە ئەنجامیان دابوون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی شەرعی هەیە لە هەڵپەساردن و هەموارکردنەوەو جێبەجێکردن و هەڵوەشاندنەوەی یاساو تەشریعاتە نێوخۆییەکان کاتێك کە ئەم ڕێکارانە لەگەڵ داستوردا بگونجێن. هەروەها جێبەجێکردنی مادای ٢٢٢ لە یاسای سزادانی عیراقی گونجاوە لەگەڵ ئەم ئیمتیازە دەستوریەدا. نزیکەی پازدە مادە هەن لە یاسای سزادانی عیراقیدا کە پەیوەستن بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نێوخۆو دەرەکی کەچی تەنها لە هەرێمی کوردستاندا [56]ئەم مادانە هەڵپەسێردراون، ئەمە جگە لە هەڵوەشاندنەوە و هەڵپەساردنی چەندین مادەی تری یاسایی کە پاساو دەدەن بە توندوتیژی لەدژی ئافرەتان و ڕۆڵیان کەمدەکاتەوە لەنێو کۆمەڵگادا. [57]

سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی کە پەیوەست بێت بە دوو تۆمەتباری یەکەم، ئەوان هەروەها بە مادی ١٠٩ لە یاسای سزادانی عیراقیدا تۆمەتبارکراون کە بریتییە کە خستنە ژێر چاودێریی پۆلیس بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دادگا وایبینیوە کە ئەم سزا یاساییە تەواوکەری ئەم تاوانانەیە کەئاوان ئەنجامیان داوە.

[54] پرۆسەی دادگاییکردنەکانیان لەم ڕۆژانەبوو: 15ی شوبات، 29ی تەمموز، 15ی ئەیلول وە 12 و 19ی تشرینی یەکەمی 2021.
[55] پرۆسەی دادگاییکردنەکانیان لەم ڕۆژانەبوو: 15و 16ی شوبات2021.
[56] ماددەکانی 156و157و189و190و219و223و224و225و227 وە 229.
[57] ماددەکانی 41 و409 و 128 و 130 و 131,377 وە 380.

هەموو پێشێلکاریەکانی پەیوەست هیچ پەیوەندیەکیان بە یاسای ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین نییە. نوێنەری داواکاری گشتیش بەڵگەی باوەڕپێکراوی پێشکەش کردووە کە ڕاستی سەلمێنراون بۆ تۆمەتە ئاڕاستەکراوەکان.

سەبارەت بە ئەو پێنج کەسەش کە لە ڕۆژانی 15 و 16 ی مانگی شوبات دادگایی کران، ئەوان بە پێی مادەی ١ لە یاسای ژ. ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٣ تۆمەتبارکران، وە حوکمەکەی دادگەی تاوانی هەولێر لە دوو قۆناغی تەمیزیشدا پشتڕاست کراوەتەوە. لەلایەن نوێنەری داواکاری گشتیەوە بەڵگەی دروست پێشکەشکراوە کە ئەوان لەم تاوانانەی کە ئاڕاستەیان کراوە تێوەگلاون. نوسەرانی ڕاپۆرتەکەی یونامی/ کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ نیگەرانیان دەربڕیوە دەربارەی هەواڵدەری نهێنی و ئامادە نەبوونیان لە دانیشتنەکانی دادگادا. بەڵام بەپێی یاسا، دادگا پابەندە بە بەنهێنی پاراستنی ناوی هەواڵدەرە نهێنیەکان لەپەڕاوی لێکۆڵینەوەدا، ئەمەش لەسەر داواکاری هەواڵدەرەکە دەبێت.[58]

ئەو کەیسەی کە ئاراستەیان کراوە هیچ پەیوەندیەکەی بە کارەکانیانەوە نەبووە، وە ئەو کەسانە بەهۆکاری چالاکیەکانیان لە بواری ڕۆژنامەنوسی چالاکوانی مەدەنیدا تۆمەتبار نەکراون، بگرە بە چەند تۆمەتێك تۆمەتبارکراون کە پەیوەستە بە کۆکردنەوەی زانیاری و گواستنەوەی ئەم زانیاریانە بەشێوەیەکی نهێنی بۆ گروپێکی چەکداری قەدەغەکراو – پ.ك.ك. لەوانەیە بەبیرتان بێتەوە کە پ.ك.ك لە دوو ساڵی ڕابردوودا پەربرسیار بوونە لە تیرۆرکردنی دیپلۆماتکارێکی بیانی و گەورە بەرپرسانی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان. ئەو زانیاریانەی کە ئەم کەسانە داویانن بە پ.ك.ك ژیانی گەورە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسە بیانیەکانی خستۆتە مەترسیەوە. بەرامبەر بەڵگە سەلمێنراوەکان لەدژیان ئەو کەسانە دانیان بەتاوانەکانیان داناوە. وە ئەو کارانەی کە بۆ بژێوی ژیانیان ئەنجامیان داون هیچ پەیوەندیەکی بەمەوە نەبووە.

سەرەڕای ئەوەش، لە ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دادگای تاوانەکانی هەولێر بڕیاری بێتاوانی یەکێکیانی دەرکرد و چوارەکەی تریشی سزادا[59] بە ئەنجامدانی تاوانی تاوانکاری

دادگایکردنی ئەم پێنج کەسە لە دادگای تاوانی هەولێر لە مانگی تەموزی ٢٠٢١ دا دواخرا، وە لەگەڵ پێشکەشکردنی دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان دادگا بڕیاری دا کە تۆمەتەکان لەدژی یەکێکیان ڕەتبکاتەوە و سزای یەك ساڵ بەسەر چوار کەسدا بسەپێنێت، وە لەبەر ئەوەی کە ئەوان لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٠ ەوە لە سەنتەری ڕاگرتندا مابوونەوە دادگا بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەرکردن.

ئەم کەسانە بەپێی مادی ٥٦ لە یاسای سزادانی عیراقیدا تۆمەتبار کرابوون، کە چەند سزایەکی تیدا هاتووە سەبارەت بە پلاندانان بۆ ئەنجامدانی تاوان.

سەبارەت بە پێنج کەیسی تر کە لە لایەن یۆنامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤەوە وروژێنراون[60]، جەند حوکمێکیان بەسەر دا سەپێرا لە لەنێوان ساڵێك و نیو بۆ سێ ساڵ و نیو بوو وە بەپێی مادەی ١ لەیاسای ژ. ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٣ تۆمەتبار کراون.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو حوکمەکە – ئەوەی کە نۆ کەسەکەی پێ حوکم درابوو- ئێستا لە پرۆسەی تێهەڵچونەوەیە. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بکەین تا ئەوکاتەی کە دادگای تێهەڵچونەوە بڕیاری خۆی دەدات بە دووپاتکردنەوەی حوکمەکان یان گۆڕینیان یان ڕەتکردنەوەیان.

دادگای تاوانەکانی هەولێر سەربەخۆیە لە حکومەت. وە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست تێوەردانی نەکردوەو ناکا تلە ڕێکارە یاساییەکان. تۆمەتباران لە ڕێگای پارێزەری خۆیانەوە نوێنەرایەتی کراون. وە لە ماوەی چاوەڕوانی دادگایی کردن توانیویانە پەیوەندی بکەن لەگەڵ پارێزەرەکانیان. وە پرۆسەی دادگاییەکان لە ڕێگای نوێنەرانی ئاژانس و دامەزراوە نێوخۆو نێودەوڵەتیەکانەوە چاودێری کراوە. وە لێژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و یۆنامی توانیوانە سەردانی تۆمەتباران بکەن لە ماوەی ڕاگرتنیان.

**دەرەنجام**

---

[58] ماددة 47 (2) لة ياساى بنەما دادگەرييە سزاييەكانى ساڵى (١٩٧١) ى هەمواركراو

[59] پرۆسەی دادگاييكردنەكانيان لەم رۆژانەبوو: 5 و 13 ى تەمموز, 8 ى ئەيلول, 9 و 19 ى تشريني يەكەمى 2021.

[60] پرۆسەی دادگاييكردنەكانيان لەم رۆژانەبوو: 12 ى تەمموز, 6 ى ئەيلول, 4 و 20ى تشرينى يەكەم و 20ى تشريني دووەمى 2021.

حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە دابەش بوونێکی روون هەیە لە نێوان تایبەتمەندی دادگا و تایبەتمەندی حکومەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان رێز لە سەربەخۆیی دادوەری دەگرێت، و پابەندیشە بە سیستەمی پتەو بۆ پشکنین و بالانس و ناتوانێ دەست تێوەردان بکات لە پرۆسەی دادوەری. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) وە کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ئازادی دەزگاکانی راگەیاندن، چ لە بواری سیاسات و گۆرانکاری یاسایی فراوانتر ئەمە جگە لە پرسە تایبەتەکان. دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵسان بە پیاچونەوە بە راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) وە کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ، لە کاتێکدا ئێمە باوەڕمان وایە کە راپۆرتەکە بە شێوەیەکی وورد وێنای بارودۆخەکە ناکات لە کوردستان، بەڵام پێزانینمان هەیە بۆ پابەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەنجام دانی گفتوگۆ لەسەری. شتێکی زۆر گرنگە کە زانیاریەکانی هەموو لایەنەکان سەبارەت بە بارودۆخ لە کوردستان لەسەر بنەمای پەیوەندی بێت لەگەڵ گروپەکانی رۆژنامەنووسان لەسەر ئەرزی واقیع و هەروەها شیکردنەوەی بە ئاگاوە بۆ ئەو زانیاری و داتایانەی پێیان ئەگات.

ئێمە راسپاردەکانی راپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) وە کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ بە هەند وەدەگرین. بە وردی پیاچونەوە و دراسەی بۆ ئەکەین و لەگەڵ هاوکارە بیانیەکانمان کاردەکەین بۆ دانانی چارەسەی درێژخایەن و بەردەوام کە بخرێتە بواری جێبەجێکردنیشەوە. لە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبین لە پاراستن و فراوانکردنی ئازادیەکانی پەیوەست بە راگەیاندن.